# پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتی سۆڤێت و تورکیا (١٩٢٠-١٩٣٠ز) و کاریگەریی لەسەر پرسی کورد

**ئارام عەلی مستەفا**

کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە-** مێژووی پەیوەندییەکانی ڕوسیا و دەوڵەتی عوسمانیی بۆ پتر لە ٥ سەدە دەگەڕێتەوە، کە هەندێک جار شەڕ و ململانێی سەخت و هەندێك جاری تریش، بە شێوەی ئاشتی و دۆستانەی بووە. لەو کاتەوە دەوڵەتی عوسمانیی لە سەرەتای سەدەی هەژدەیەمەوە چووە قۆناغی و لاوازبوون و هەڵوەشاندنەوە، ڕوسیا ڕۆڵێکی گرنگی لە داپچڕانی ناوچەکانی لە قەفقاز و ئاسیای ناوەڕاست و بچووککردنەوەیدا بینی. ئەگەر سیستەمی "پارسەنگی هێزەکان"یش لەنێوان وڵاتە گەورەکانی ئەوروپا لە سەدەی نۆزدەیەمدا نەبوایە، ئەوا ڕوسیا بە تەواوی دەوڵەتی عوسمانیی لەناو دەبرد .

بەڵام لە کۆتاییەکانی جەنگی جیهانی یەکەم و دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ لە ڕوسیا و دوای کشانەوەی ڕوسیای سۆڤیێتی لە جەنگەکە و ئاشکراکرادنی بەندەکانی پەیمانی سایکس پیکۆ و ڕێکەوتن لەگەڵ وڵاتانی هاوپەیمانیی چوارقۆڵیی، بەتایبەتی ئەڵمانیا و دەوڵەتی عوسمانیی، پەیوەندییەکان بەرەو ڕێککەوتن ڕۆیشتن، ئەوە بوو پەیمانی برێست- ساڵی ١٩١٨ لەنێوانیاندا بەسترا. دەوڵەتی عوسمانیی، هەروەك ئەڵمانیای هاوپەیمانی، بە کشانەوەی هێزەکانی ڕوسیا لە بەرەکانی جەنگ بوژایەوە و لەگەڵ ئەوەشدا، کە ڕێکەوتن لەنێوانیاندا هەبوو، بەڵام پەلاماری ناوچەکانی قەفقازی ژێر دەستی ڕوسیایان دا، بەڵام دوای دەرکەوتنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی تورك و پەیمانی سێڤر، ئاڵوگۆڕێك لە بەرەکانی جەنگدا ڕوویدا و ڕوسیا، کە لەو کاتەدا بووبوو بە ڕوسیای سۆڤیێتی، هاوپەیمانێکی نوێی دۆزییەوە، کە بەرژەوەندی هاوبەشیان دژ بە دەوڵەتی عوسمانیی لەلایەك، وڵاتانی ڕۆژئاوا لەلایەکی ترەوە هەبوو. هەردوو هێزی تازە دروستبوو، ڕوسیای سۆڤیێتی و حکومەتی ئەنقەرە، سودی زۆریان لەم هاوپەیمانێتییە وەرگرت. بەڵام لەم کاتەدا، کە دەرفەت بۆ کورد، بەتایبەتی لە کوردستانی عوسمانییدا دروستببوو، تا بە ئامانجەکانی بگات و هەر هیچ نەبێت لە چوارچێوەی پەیمانی سێڤردا هەندێك دەسکەوتی ناوچەیی بەدەست بێنێت، ڕوسیای سۆڤیێتی، وەك یەکەم وڵات، کە پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی ئەنقەرەدا بەست، بە هەموو شێوەیەک هاوکاری بزووتنەوەی کەمالی دەکرد و جیا لە کۆمەکی ئابووریی و پیشەسازیی و هتد، لە ئاستی نێودەوڵەتییشدا، پاڵپشت و هاوپەیمانی تورکیا بوو. ئەمەش وای کرد، لەپاڵ هەندێك فاکتەری تردا، کۆماری تورکیا لەسەر پێی خۆی

بوەستێت و کاتێك لە بیستەکان و سییەکانی سەدەی بیستەمیشدا، چەند ڕاپەڕین و بەرخودانێك لە باکوری کوردستان دژ بە ستەم و زوڵموزۆری ڕژێمی کەمالی سەری هەڵدا، ڕوسیای سۆڤیێتی بە هەموو شێوەیەك، بەتایبەتیش لە بواری سەربازیی و سیاسییدا پشتیوانی کۆماری تورکیا کرد، کە هەموو ڕاپەڕین و جووڵەیەکی نەتەوەیی کوردی بە هەموو شێوەیەکی دڕندانە سەرکوت دەکرد.

**کلیلەوشەکان-** ڕوسیای سۆڤیێتی، تورکیا، لۆزان، سێڤر، ڕاپەڕینی ١٩٢٥، ڕاپەڕینی ١٩٣٠، کوردستانی سور.

## پێشەکی

ئەگەر پەیوەندییەکانی نێوان ڕوسیا و دەوڵەتی عوسمانیی لە ساڵانی جەنگی جیهانیی یەکەمدا، بەو پێیەی سەر بە دوو بلۆکی دوژمن بەیەك بوون، لەوپەڕی خراپیدا بوو بێت، ئەوا دوای ڕاگەیاندنی دەسەڵاتی سۆڤیێتی لە بەشێکی ڕوسیا لە ساڵی ١٩١٧دا، ڕوسیای سۆڤیێتی هەنگاوی بۆ ئاشتی و ڕێکەوتن لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیی دەنا. دەوڵەتی عوسمانیی، کە لە ئەنجامی شکستی لە جەنگی جیهانیی یەکەم و داگیرکردنی بەشێکی فراوانی لە لایەن هاوپەیمانانەوە، دەسەڵاتی لە ئەستەمبوڵ تێنەدەپەڕی، بەپێچەوانەی پەیمانی برێست لەگەڵ ڕوسیای سۆڤیێتی، کە هێشتا لە ڕووی نێودەوڵەتییەوە دانی پێدا نەدرابوو، کاری دوژمنکارانەی دژ بە ڕوسیا دەکرد هەندێك ناوچەی لە قەفقاز داگیرکرد. ئا لەم کاتەدا لە بەشێکی ئەنادۆڵ و باکوری کوردستان بزووتنەوەیەکی ڕزگارییخوازیی تورك دەرکەوت، کە دوای بەستنی کۆنگرەی سیواس و ئەرزەڕۆم و دامەزراندنی ئەنجومەنی میللی باڵا، حکومەتی تورکیای لە ئەنقەرە ڕاگەیاند و ئەگەرچی هیچ دانپێدانانێکی نێودەوڵەتی نەبوو، بەڵام پەیوەندی دیپلۆماسیی لەگەڵ ڕوسیای سۆڤیێتی بەست و دوای ماوەیەکی کەم وڵاتانی ئەوروپییش، بەتایبەتی فەرەنسا و بەریتانیا ڕێکەوتنیان لەگەڵ مۆرکرد و وەك دەوڵەتێکی دیفاکتۆش لە گفتوگۆکانی کۆنفرانسی لۆزاندا بەشداریی کرد و تەنانەت مەرجەکانی خۆیشی سەپاند و ئەو چەند خاڵەی پەیمانی سێڤریشی هەڵوەشاندەوە، کە هەندێك مافی بۆ کورد دەستەبەر دەکرد.

لەگەڵ ئەوەشدا ئامانجی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە، تیشکخستنە سەر پەیوەندی نێوان دوو دەوڵەتی دیفاکتۆ، ڕوسیای سۆڤیێتی و تورکیا؛ واتە حکومەتی ئەنقەرە و کۆماری تورکیا و ئەو پەرەسەندنەی لە پەیوەندی نێوانیان، و کاریگەریی لەسەر کورد

مجلة جامعة التنمية البشرية

المجلد 5، العدد 4(2019) ؛ عدد الصفحات (16)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v5n4y2019.pp25-40

ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 20 حزيران 2019؛ قُبل في 18 تموز 2019؛ نُشرت في 6 تشرين الأول 2019

البريد الإلكتروني للمؤلف : aram.mustafa@univsul.edu.iq

حقوق الطبع والنشر ©2019 ئارام عەلی مستەفا. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

له باكوری كوردستان و پشتقەفقازدایە، بەڵام بۆ تەواوكردنی وێنەكە، پێویست دەكات وەڵامی هەندێك پرسیاری سەرەكیی بدرێتەوە، وەك: بۆچی ڕوسیای سۆڤێتی پەیوەندی بە حكومەتێكەوە كرد و پەیمانی لەگەڵدا بەست، كە هێشتا لەلایەن كۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە دانی پێدا نەنرابوو؟ ڕوسیای سۆڤێتی چی لەو پەیوەندییە دەستدەكەوت؟ ئەو پەیوەندییە چۆن كاریگەریی لەسەر لەسەرپێوەستان و پتەوبوونی حكومەتی توركیا لە ئەنقەرە لە ناوخۆ و ئاستی نێودەوڵەتییدا دەكرد؟ چۆن ئەو پەیوەندییە كاریگەریی لەسەر خەباتی كورد، بەتایبەتی لە باكوردا دەكرد و بۆچی ڕوسیای سۆڤێتی ئەو هەڵوێستە نادۆستانەیەی بەرامبەر بە ڕاپەڕینەكانی كورد لە بیستەكاندا و هەروەها قەوارەی ئۆتۆنۆمی كوردستانی سور لە كۆتایی بیستەكاندا هەبوو؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە، توێژەر ناچار دەبێت، بۆ مێژوویەكی پێش دروستبوونی حكومەتی توركیا لە ئەنقەرە و كۆماری توركیا بگەڕێتەوە، ئەگەرچی كاریگەریی لە قەبارەی توێژینەوەكە دەكات.

**ئامانجی توێژینەوەكە:** دەستنیشانكردنی قۆناغە سەرەكییەكانی گەشەسەندنی پەیوەندییەكانی نێوان ڕوسیای سۆڤێتی و حكومەتی ئەنقەرە و دواتر كۆماری توركیا؛ تیشكخستنەسەر هەلومەرج و هۆكارەكانی دروستبوون و گەشەسەندنی ئەو پەیوەندییانە؛ هەروەها كاریگەرییان لەسەر ڕەوشی كورد و خەباتی لە بیستەكانی سەدەی بیستەمدا.

**پێكهاتەی توێژینەوەكە:** توێژینەوەكە، سەرباری پوختە و پێشەكی، لە دوو تەوەر و شەش باس، هەروەها دەرئەنجام بە زمانی كوردی و دوو پوختە بە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی لەگەڵ لیستی سەرچاوەكان پێكهاتووە.

# تەوەری یەكەم
# پەیوەندییەكانی ڕوسیای سۆڤێتی و دەوڵەتی عوسمانیی لە قۆناغی دوای جەنگی جیهانی یەكەم

## ١.١ پەیوەندییەكانی ڕوسیای سۆڤێتی و دەوڵەتی عوسمانیی دوای جەنگی جیهانی یەكەم

دوای سەركەوتنی شۆڕشی ئۆكتۆبەر لە ڕوسیا لە تشرینی دووەمی ١٩١٧ دا، بەرەی قەفقازی جەنگی یەكەمی جیهانی هەڵوەشێنرایەوە و هەزاران سەربازی ڕوسی سەنگەرەكانی خۆیان چۆڵكرد. هەلێكی زۆر بۆ بەدەستهێنانی ئاشتی لەبەردەم دەوڵەتی عوسمانی پەیدابوو، بەڵام ئەمان بەپێچەوانەوە، داگیركردنی قەفقازییان لاباشتر بوو، كە سەركێشییەكی سەربازیی بوو. سەركردەكانی توركە لاوەكان، لە كاتێكدا هەوڵیان دەدا ئەم نەخشەیە جێبەجێبكەن كە ٦٠٠ هەزار سەربازیان لە بەرەكانی جەنگدا لەدەستدابوو. (Дружба, № 05,2003: 41-42)

سوپای ڕوسیا، كە لە كاتی ئۆپەراسیۆنەكانی بەرەی قەفقاسدا، چووبووە قوڵایی ئەنادۆڵ و ڕێگای ترابزۆن - ئەرزەڕوم، ڕۆخەكانی باشووری دەریاچەی وانەوە. ناوچەی داگیركاریی ڕوسیا هەموو ئەو ناوچانەی گرتبووەوە، كە بە ناوچەی ئەرمەننشین ناسرابوون و لە ڕابردوودا كەوتبوونە ناو سنوری دەوڵەتی عوسمانییەوە. دوای شۆڕشی ئۆكتۆبەری ساڵی ١٩١٧، دۆخی ئەو ناوچانە زۆر بە سەختی گۆڕدرا، كە ڕوسیا لە بەرەی ڕوسی – توركی داگیری كردبوون. ٢٩ كانونی یەكەمی ١٩١٧بانگەوازی كۆمیساریی نەتەوەیی سەبارەت بە "ئەرمینیای توركی" بڵاوكرایەوە، كە ستالین ئامادەی كردبوو. لەو بانگەوازەدا ئاماژە بە بردنەدەرەوەی سوپای ڕوسیا و سپاردنی بە میلیشیای ناوخۆیی ئەرمەنی لەو ناوچانەدا كرابوو، كە دانیشتوانەكەی ئەرمەن بوون. ٣١ كانونی یەكەمی ١٩١٧ ئاگربەستێك لەنێوان فەرماندەیی ڕوسی و توركیدا مۆركرا. یەكسەر دوای ئەمە، بەرەكە هەڕەمەكیانە هەرەسی هێنا. سەربازە ڕوسەكان سەنگەرەكانیان چۆڵكرد و بێ پرس بەرەو ڕوسیا گەڕانەوە. ئەو هەواڵەش سەبارەت بە دەستپێكردنی دانوستاندنی ئاشتیی بەلشەفیكەكان لەگەڵ ئەڵمانیا و هاوپەیمانانی لە برێست ڕۆڵی گەورەی لە هەڵوەشاندنەوەی بەرەی جەنگدا هەبوو. بەڵام سوپای تورك ئەو هەلە لەبارەی قۆستەوە و لە ١٢ شوباتی ١٩١٨دا ئاگربەستەكەی پێشێل كرد و دەستی بە پەلاماردان كرد و بواری بە دروستكردنی میلیشیای ئەرمەنی نەدا، هەروەك لە بانگەوازەكەی كۆمیساریی نەتەوەییدا ڕەچاوكرابوو.(http://www.abkhaziya.org/books/system_history/stanovlenie_1918)

### ١.١.١ پەیمانی برێست ١٩١٨ و ڕێكەوتن لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی

دوای ئەوەی حكومەتی سۆڤێتی لە ٨ ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩١٧ بانگەوازی ئاشتی بڵاوكردەوە و پێشنیاری ئاگربەستی دەمودەست و گفتوگۆی ئاشتی بۆ باڵوێزی وڵاتانی هاوپەیمان كرد.(Документы внещней политики1917,1959: 16-17 )

پەیمانی ئاشتی برێست دوای دەرچوونی ڕوسیا لە جەنگی جیهانیی یەكەم، لە ٣ مارتی ١٩١٨دا لەنێوان ڕوسیای سۆڤێتی لەلایەك و وڵاتانی هاوپەیمانیی چوارقۆڵیی بلۆكی ئەڵمانیا، بەبێ بەشداربوونی وڵاتانی بەرەی ئەنتانت؛ واتە بەریتانیا و فەرەنسا و وڵاتانی تر لە بەرەی دژ بە هاوپەیمانی چوارقۆڵیی، هاوپەیمانانی پێشووی ڕوسیا، مۆركرا. ئەم پەیمانە بە چەند وتووێژێكی دوولایەنەی نێوان نوێنەرانی سۆڤێتی و ئەڵمانیا هەر لە ٢٠ تشرینی دووەمی ١٩١٧، بە ماوەیەكی زۆر كورت دوای سەركەوتنی بەلشەفیكەكان لە شۆڕشی ئۆكتۆبەر و دەرچوونی ڕوسیا لە جەنگی جیهانیی یەكەمدا دەستی پێكرد. لە سەرەتادا هەردوولا لەسەر ئاگربەستی كاتیی ڕێككەوتن و لەشكرەكانیان لە جێگای خۆیاندا وەستان.(Лазарев,1960:60-61) دوای مشتومڕێكی زۆر، كە بە چەندان كۆبوونەوە قۆناغ تەواو بوو، لە ٣ مارتی ١٩١٨ لایەنەكان ڕێكەوتنێكیان مۆركرد، كە لە ١٤ بەند و ٢ پرۆتۆكۆڵی كۆتایی و ٤ ڕێكەوتنی تەواوكاریی لە نێوان ڕوسیا و هاوپەیمانییە چوار قۆڵییەكە پێكهاتبوو.(Потёмкин,1941: 345-346)

بەپێی مادەی چواری پەیمانی برێست، دەبوو ڕوسیا بە هەموو توانایەكیەوە هەوڵ بۆ كشانەوەی دەمودەست لەو هەرێمانەی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ بدات و بە شێوەیەكی قانونیی بۆ توركیای بگێڕێتەوە، هەروەها بەبێ دواكەوتن هێزەكانی لە ئەردەهان، قارس و باتوم بكێشێتەوە، كە كورد و ئەرمەننشین بوون. بە هەمان شێوە دەستنەخاتە ناو ڕێكخستنەوەی پەیوەندییە نیشتیمانیی و نێودەوڵەتییەكان و كاروباری دەوڵەتیی – یاسایی و نێودەوڵەتیی – یاسایی ئەو ناوچانە و بەڵكو پرسی ڕێكخستنەوەی ئەو هەرێمانە بۆ دانیشتوانەكەی بە ڕێكەوتن لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەردا، بەتایبەتی توركیا بەجێ دەهێڵێت.(رسول،٢٠٠٨: ١٦٦)

لە بەرامبەر ئەو مەرجانەیشدا، كە لە پێشنیارەكەی ئەڵمانیا بۆ ڕوسیا دانرابوون، دەبوو ڕوسیا بێجگە لە دەستدانی پۆڵۆنیا و وڵاتانی بەڵتیك لە ڕۆژئاوادا، كوردستان و لوڕستان بۆ دەوڵەتی عوسمانی بەجێبهێڵێت، ڕوسیا بەشێك لە ئەرمینیای توركی، بەو ناوچانەیشەوە كە كوردنشین بوون، كە زووتر داگیری كردبوون، لەگەڵ باكوری ئێران، بە بەشێك لە كوردستانیشەوە بەردەكەوت.(Лазарев,1989: 210-211)

بەریتانیا و فەرەنسا زۆر لەوە دەترسان، كە ڕوسیا سنورەكانی باشوری وڵاتەكەی لەسەر حسابی داگیركردنی ئەرمینیای توركی و كوردستان و دەستبەسەرداگرتنی تەنگە

ئاوییەکان و کۆنترۆڵکردنی ئەستەمبوڵ فراوان بکات. ئەمەش هەڕەشەیەکی گەورە بوو بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەو وڵاتانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.(Уткин,2001: 124-125)

لە تەموزی ساڵی ١٩١٨ گۆڕانکارییەکی ترسناک لە ڕوسیا ڕوویدا، ئەو تەڵەیەی بۆ بەلشەڤیکەکان دانرابوو، دەستی خستبووە بینە قاقایان، لە ئۆکراینیا و لە باشور ئەڵمانەکان هەڕەشەیان لێ دەکردن و بوونی ژمارەیەکی زۆریش لە دیلی چیکوسلۆڤاکی لە ڕوسیا هانی هاوپەیمانانی دەدا پەلاماری مۆسکۆ بدەن. هەردوولا لە هێزەکانی هاوپەیمانان و ئەڵمانەکانی دوژمنیان لە ڕوسیا، بۆ ئامانجێکی هاوبەش، هاوکاری یەکتریان دەکرد، کە سەکۆتکردنی بەلشەڤیکەکان بوو. لەگەڵ ئەوەشدا، کە ئەم وڵاتانە بە ڕەسمی جەنگیان دژی ڕوسیا ڕانەگەیاندبوو، بەڵام ڕێگایان بۆ نانەوەی ئاژاوە دژ بە سۆڤێت دەدۆزیەوە و بەتایبەتیش لە ڕێگەی هاوکاری سەرکردە نەیارەکانی شۆڕش و کۆمەکیان بە چەك و پارەوە.(نهرو،١٩٨٣: ٢٤٤)

وڵاتانی ئەنتانت لە پشتقەفقازدا، واتە ئەو بەشەی قەفقاز وەك ئەرمینیا و ئازەربایجان و گورجستان، کە هاوسنوری ئێران و دەوڵەتی عوسمانیی بوو، چالاکانە دەستوەردانیان لە گەشەی ڕەوشەکەدا نەدەکرد، چونکە هێزی پێویستیان لە ناوچەکەدا نەبوو. هەوڵی ئەو ئینگلیزانەیش لە مانگی ئابی ١٩١٨دا باکۆیان گرتبوو، بۆ ڕێگریی لە داگیرکردنی شارەکە لەلایەن تورکەکانەوە، بێ ئاکام بوو. لە ئەیلولی ١٩١٨دا سوپای تورکیا چووە ناو باکۆوە و تا کۆتایی جەنگ لەوێ مایەوە.(Сидоров,2006: 49) هەرچەندە ڕێکەوتنامەی برێست ئاشتی لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ڕوسیای سۆڤێتیدا بەرقەرارکردبوو، بەڵام حکومەتی تورکە لاوەکان بە داگیرکردنی پشتقەفقاز، لە کۆتایی نیسانی ١٩١٨ دا قارس و باتومیشیان داگیرکرد. سیخوڕەکانی ئەنوەر پاشا، سەرکردەی تورکە لاوەکان چالاکانە لەناو دانیشتوانی ئەلکساندرەپۆل، بە کوردیشەوە دا دەهاتن و دەچوون. کاتێك لە ١٥ ی ئەیلولی ١٩١٨ دا، لەشکری تورك باکۆیان داگیرکرد، قەسابخانەیەکی خوێناوییان دروستکرد.(Дружба № 05,2003: 41-45)

ئاشکرایە، کە سەرکەوتنی شۆڕشی دیموکراتی ڕوسیا لە شوباتی ١٩١٧بەو شێوەیە قازانجی بۆ کورد دەبوو، بەپێچەوانەی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ەوە، کە بووە هۆی هەرەسهێنانی بەرەی قەفقاز و هەر بەو هۆیەشەوە، کە تورکەکان توانیان پشتقەفقاز داگیربکەن و بشچنە ناو باکوری قەفقازەوە. تەنیا هێزێکیش کە ڕووبەڕوویان بووەوە، هێزی ئەرمەنە ناسیونالیستەکان بوو، کە پێشتریش هاوشانی ڕوسەکان دژ بە لەشکری تورك دەجەنگین، ئەگینا لەوە بوو تورکەکان بتوانن بەرەو باکور، تا ڕۆخەکانی ڕووباری ڤۆلگا هەڵبکشێن.(Павлович,1956: 28 )

بەم شێوەیە، پشتقەفقاز، دوای مۆرکردنی پەیمانی برێست، کەوتە بندەستی وڵاتانی هاوپەیمانیە چوارقۆڵییەکەوە. هەرچەندە بە هۆی ئەوەی ڕێکەوتنی نێوان کۆمارەکانی پشتقەفقاز لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا زۆری نەخایاند و بەپێی ئاگربەستی مۆدرۆس لە ٣٠ تشرینی یەکەمی ١٩١٨، هێزەکانی خۆی لە قەفقاز کێشایەوە. بەڵام هێزێکی بەریتانی لە ئێرانەوە هات و شوێنی هێزەکانی تورکی گرتەوە و لە ٢٥ کانونی یەکەمی ١٩١٨دا چوونە ناو تفلیسەوە، نوێنەرانی فەرەنسا و ئەمریکاش بە دوایاندا گەیشتن.
(http://www.abkhaziya.org/books/system/__history/stanovlenie__1918)

بەریتانیا لە تەموزی ١٩١٩دا بڕیاری کشانەوەی لە خاکی ڕوسیا دا و لە پاییزی هەمان ساڵدا، هێزەکانی بەریتانیا، ئەمریکا و فەرەنسا ناوچە ئەوروپییەکانی باکوری ڕوسیایان چۆڵکرد و هێزەکانی بەریتانیا ناوچەکانی کەناری دەریای قەزوێن و پشتقەفقازیشیان لە مارتی ١٩٢١دا چۆڵکرد. بەڵام بڕیاری هاوپەیمانان بۆ دەستهەڵگرتن لە داگیرکاریی، ئەوەی نەدەگەیاند، کە ئەوان ئامادەی دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ مۆسکۆدا بوون. ئەنجومەنی سەرکردایەتی ئەنتانت بڕیاری ئابلوقەی ئابووریی دژ بە ڕوسیای سۆڤێتی ڕاگەیاند و داوایشی لە هەموو وڵاتانی تری جیهان کرد، هەمان هەنگاو بنێن. (Сидоров,2006: 92-93)

جەنگی ناوخۆیی لە ساڵەکانی ١٩١٩ و ١٩٢٠دا لە ڕوسیای سۆڤێتی بەرپا بوو و سۆڤێتەکان بە تەنیا دژ بە شەپۆلی دوژمنان دەجەنگان و تەنانەت لە ١٧ بەرەوە هێرش دەکرایە سەر سوپای سور. سەیر نییە، کە هەر یەکە لە بەریتانیا، فەرەنسا، ئەمریکا، ئیتالیا، سربیا، چیکۆسلۆڤاکیا، ڕۆمانیا، وڵاتانی باڵتیك، پۆڵۆنیا و ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردە ڕوسە نەیارەکانی شۆڕش دژی سۆڤێت دەجەنگان. بەرەی جەنگیش هەر لە ڕۆژهەڵاتی سیبیریاوە تا دەگەیشتە باڵتیك و کریم دەکشا.(نهرو،١٩٨٣: ٢٤٦)

بەڵام سەرکەوتنی وڵاتانی ئەنتانت بەسەر ئەڵمانیا و هاوپەیمانەکانی و مۆرکردنی ئاگربەستی کۆمپیێن لە ١١ تشرینی دووەمی ١٩١٨، کە هەموو ڕێکەوتن و پەیمانەکانی پێشووی ئەڵمانیای هەڵوەشاندەوە، هەموو ئەمانە دەرفەتی بۆ ڕوسیای سۆڤێتی ڕەخساند تا بتوانێت لە ١٣ تشرینی دووەمی هەمان ساڵدا، واتە دوای ٢ ڕۆژ پەیمانی برێست هەڵبوەشێنێتەوە، بەمەش توانی بەشێکی زۆر لە ناوچەکانی ئۆکراینیا، بێلۆڕوسیا و بەڵتیك داگیربکاتەوە، و لە قەرەبووکردنەوەی ئەڵمانیاش بە بڕی ٦ ملیار مارکی ئەڵمانی بە شەش جار ڕزگاری بێت. بەڵام لە سەندنەوەی ناوچە کوردنشینییەکانی پشتقەفقاز و قارس و ئەردەهاندا سەرکەوتوو نەبوو، یاخود هیچ هەوڵێکی بۆ نەدا.( Потёмкин,1941: 348-350)

ڕێکەوتنی برێست نەك تەنیا بواری بۆ دەوڵەتی عوسمانیی و هاوپەیمانانیان ڕەخساند بۆ ماوەیەك لە هەرەسهێنان و ژێرکەوتن لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا ڕزگاریان بێت، بەڵکو بە هەڵوەشاندنەوەی بەرەی قەفقاز دەستی دەوڵەتی عوسمانیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە کوردستانیشەوە واڵاکرد، بەمەش بێجگە لە دووبارە دەستپێکردنەوەی زوڵم و زۆر و تاڵانکاریی لە بەشێکی کوردستاندا، دووبارە دابەشکردنەوەی خاکی کورد و دانیشتوانەکەی و دابڕانی بەشێکی گەورەی خاکی کوردستان لە پشتقەفقاز، کە ئاشکرایە بە زیانی داهاتووی کوردی پشتقەفقاز دەگەڕایەوە.

### ٢.١.١ کۆنفرانسی ئاشتی پاریس، هەڵوێستی ڕوسیای سۆڤێتی و تورکیا

پەیمانی ئاشتی لە ١٠ ی ئابی ١٩٢٠ دا، لە شاری سێڤری قەراغ پاریس، وەك بەشێك لە ئەجینداکانی کۆنفرانسی ئاشتی لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی لەگەڵ بەریتانیا، فەرەنسا و چەند وڵاتێکی تر مۆرکرا، بەڵام ڕێگە بە ڕوسیای سۆڤێتی نەدرا، بەشداری لە مۆرکردنی پەیمانی سێڤری بکات.

پێش کردنەوەی کۆنفرانسەکە و دواتریش لە کاتی بەستنیدا، گفتوگۆ لەسەر ئەوە دەکرا، کە ڕوسیای سۆڤێتی، یان ئەو قەوارە دەوڵەتییانە بەشداری بکەن، کە دوای هەرەسهێنانی ئیمپراتۆریی ڕوسیا دەرکەوتبوون و ململانێی ئەوەشیان دەکرد، کە ئەوان میراتگری قانوونی ڕوسیان. تەنانەت باس لەوە دەکرا، کە باڵوێزی ڕوسیای تزاریی پێشوو لە پاریس مافی بەشداریی بۆ شاندی ڕوسی لە کۆنفرانسەکە دەستەبەر کردبوو، بۆ ئەو مەبەستەش، گفتوگۆی لەگەڵ نوێنەری سێ حکومەتەکەی ئەرخانگل، جەنەراڵ دینیکین و ئەدمیراڵ کۆلچاکدا هەبوو، کە دوای گرتنەدەسەڵاتی بەلشەڤیکەکان، چەند حکومەتێکیان لە زۆر ناوچەی ڕوسیا، بەتایبەتی لە باشور و لە سیبیریادا دژ بە بەلشەڤیکەکان دروستکردبوو. بەڵام وەك دوا سەرەکوەزیرانی حکومەتی ڕوسیا لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵێت:"پرسەکە سەبارەت بە بەشدارییان لە کۆنفرانسەکەدا نییە، بەڵکو ئەوەی هەر کەسێك نوێنەرایەتی ڕوسیا بکات، ناتوانێت پێگەی قانوونی وای هەبێت، کە ڕازیبوونی یان پرۆتێستی هیچ نرخێکی هەبێت".(Коковцов,1933: 491)

ولاَتانى ئەنتانت، لەگەڵ ئەوەشدا، کە نکوڵیان لە ڕۆڵى سوپاى ڕوسیادا لە سەرکەوتنیان بەسەر ئەڵمانیا و هاوپەیمانانیدا نەدەکرد، بەڵام ڕوسیایان نەهێنایەوە کۆنفرانسەکە لەبەر چەند هۆیەك:

١. ڕوسیایان بە "ناپاکیکردن لە بەرژەوەندى هاوپەیمانان" تۆمەتبار دەکرد، ئەویش بەوەى ڕوسیا لە ٣ مارتى ساڵى ١٩١٨دا ڕێکەوتنى ئاشتى لەگەڵ ئەڵمانیادا مۆرکردبوو و لە جەنگەکە چووبووە دەرەوە. بەم شێوەیە ڕوسیا زۆر بە زەقى پێشێلى ئەو بڕیارەى هاوپەیمانانى سەبارەت بە بەشدارییەنەکردنى لە دانوستانى تاکلایەنە لەگەڵ دوژمنانى هاوبەشدا کردبوو.

٢. وایان دادەنا، کە ڕژێمى بەلشەڤى دیاردەیەکى کاتییە و بە نیاز نەبوون دانى پێدا بنێن، بانگکردنى نوێنەرەکانیشى بۆ بەشدارییکردن لە کۆنفرانسەکەدا، دەبووە دانپێدانانى ڕاستەقینە.

٣. بڕیار بوو تەنیا وڵاتانى سەرکەوتووى جەنگ بەشداریى بکەن، گوایا ڕوسیاشبە ژێرکەوتووى جەنگەکە دانرابوو. (Ульченко,2003:51)

ڕوسیا لەوە دەترسا، کە لە ئەنجامى ئامادەنەبوونى لە کۆنفرانسەکەدا، پرسى تەنگە ئاوییەکانى بسفۆر و دەردەنێل و کۆنترۆڵى دەریاى ڕەش بەپێچەوانەى بەرژەوەندى ئەوەوە یەکلا بکرێتەوە. ئەمەش لە کۆنفرانسەکەدا رووى دا و بە پێى بەندى ٣٧، نەدەبوو ئابلۆقەى تەنگە دەریاییەکان بدرێت و ئازادى هاتووچۆ لە تەنگە دەریاییەکان و دەریاى ڕەشدا بە کەشتیە جەنگیەکانیشەوە چ لە کاتى ئاشتى و چ لە شەڕدا سنوردار بکرێت.(Ульченко,2003:51) ئەمەش مەترسیەکى ئابوورى و ستراتیژیى بۆ دەوڵەتى سۆڤێتى هەبوو، بەتایبەتیش وڵاتانى ڕۆژئاوا ڕاستەوخۆ بەشداریى گەمارۆ و هێرشى سەر ڕوسیاى سۆڤێتى دەکرد.

ولاَتانى براوەى جەنگ لە پەیمانى سێڤردا دەوڵەتى عوسمانیان لە چەك داماڵى بوو، ڕێگەیان تەنیا دابوو هێزێکى چەکدارى بچوکى ٥٠ هەزار کەس هەبێت، سوپاى جەندرمە پتر لە ٣٠ هەزار کەس نەبێت، بەشى تایبەتى بۆ پشتیوانیکردنى سوپاى جەندرمە و چاودێریى سنورەکان، کە پتر لە ١٥ هەزار کەس نەبێت لەگەڵ هێزێکى تایبەتى ٧٠٠ کەسى سوڵتان. دەبوو هەموو هێزە سەربازییەکانى تر هەڵبوەشێندرێنەوە، تۆپخانەى مەیدانیى و قورس لە تورك قەدەغەکرابوو، تەنیا ڕێگە بە یەك بەتارى تۆپى چیایى لە ٥ تۆپ بۆ هەزار سەرباز دەدرا، ئەویش تەنیا لە هێزى پشتیوانیدا. بەم شێوەیە، لە سوپاى تورکیدا دەبوو تەنیا ١٥ بەتارى تۆپى چیایى بە ژمارەیەکى سنوردارى گولەتۆپەوە هەبێت.(Поцхверия,1992: 34)

ئەو هیوا درۆیەى وڵاتانى ئەوروپى، بەتایبەتى بەریتانیا لە ڕێگەى سێ بەندەکەى پەیمانى سێڤرەوە لە لاى کورد و سەرکردەکانى دروستیان کردبوو، هێشتا ماوەیەکى زۆر کورت بەسەر مۆرکردنیدا تێنەپەڕى بوو، زیندەبەچاڵکرا، تەنانەت، هەر وەکو لازەریڤ دەڵێت:"سێڤر بەڵگەنامەیەك بوو، کە بە مردوویى لەدایك ببوو، تەنانەت پرسى پێداچوونەوەى خەریك بوو لە ڕۆژى دواى مۆرکردنیەوە پەیدا بوو. لە خۆڕا نییە، کە هیچ یەکێك لەو وڵاتانەى مۆریان کردبوو، جگە لە ئیتالیا، هیچیان پەسەندیان نەکرد. تەنانەت حکومەتى سوڵتانیش پەسەندى نەکرد، کە بۆ خۆى قوربانییەکى بێدەسەڵاتى دیپلۆماتیى ئەنتانت بوو.(Лазарев,1989: 192)

## ٢.١ بزووتنەوەى ڕزگاریخوازیى نەتەوەیى تورك

دەوڵەتى عوسمانى، کە لەپاڵ بلۆکى ئەڵمانیادا لە جەنگى یەکەمى جیهاندا شەڕى دەکرد، شکستى هێنا و بەکردەوەش بەرەو هەڵوەشاندنەوە دەچوو. لە سەرەتاى ساڵى ١٩١٩ دا پارتى "حوڕییەت و ئیئتیلاف"، کە ئاڕاستەیەکى سەر بە بەریتانیاى هەبوو، دەسەڵاتى گرتە دەست. وڵاتانى ئەنتانت بە ئاشکرا دەستیان بە دابەشکردنى دەوڵەتى عوسمانیى کرد. لەم هەلومەرجەدا لە ئەنادۆڵ بزووتنەوەیەکى ڕزگاریى بەڕێبەریى مستەفا کەمال ڕابووبوو، کە ئەو دەمى لە لایەن حکومەتى سوڵتانەوە بۆ ئەنادۆڵ نێردرابوو، بەڵام دەستى بە ڕێکخستنى ناوەندێکى سەرکردایەتى بۆ خەبات دژ بە هێزە داگیرکەرە ئەوروپییەکان کرد، کە نەك تەنیا تورك، بەڵکو کوردیش چالاکانە بەشداریى تێدادەکرد. بەتایبەتیش، کە مستەفا کەمال لەو سەردەمەدا لە ئامەد فەرماندەیى سوپاى دووى دەکرد، لەوێ پەیوەندییەکى باشى لەگەڵ ناودار و سەردارى خێڵە کوردەکاندا پەیداکردبوو.(زنار سلوپی،١٩٩٧: ٥٨)

جەنگى سەربەخۆیى لە تورکیا، کە لە مێژوونوسیى سۆڤێتیدا جەنگى ڕزگاریى نیشتیمانى گەلى تورکیا یان شۆڕشى کەمالیستەکان ناودەبرێت، لە نێوان ١٩ ئایارى ١٩١٩ – ٢٩ تشرینى یەکەمى ١٩٢٣دا بە ڕێبەریى مستەفا کەمال دژ بە بەریتانیا، ئیتالیا، فەرەنسا، یۆنان و ئەرمینیا بۆ دامەزراندنى ڕژێمى کۆماریى بوو.

بزووتنەوەى ناسیونالیستى تورك لە نیوەى دوومى ساڵى ١٩٢٢ دا سەرکەوتنێکى گەورەى لە جەنگەدا بەدەستهێنا، بۆ ئەمەش چەند فاکتەرێك هەبوو: لە بەرەى ڕۆژئاوادا، تورکەکان توانیان لە ١٨ ئەیلولى ١٩١٩ دا دوا سەربازى یۆنانى لە تورکیا دەربکەن، کە دواى ئەوەى لە ئایارى ١٩١٩ دا هێزیان لە ئیزمیر دابەزاندبوو، بەرەو ئەنادۆڵ جووڵابوون؛ لە بەرەى ڕۆژهەڵاتدا: لە ئەیلولى ١٩١٩ دا شەڕ لەگەڵ ئەرمینیا دەستى پێکرد و بە سەرکەوتنى تورکەکان کۆتاییهات؛ لە بەرەى باشوریشدا، لە کانونى دوومى ١٩٢٠ دا شەڕ دەستپێیکرد و لە نیوەى یەکەمى مارتى ١٩٢١دا، دیسانەوە بە سەرکەوتنى تورکەکان کۆتاییهات. هەموو ئەم سەرکەوتنانە بارێکى دیفاکتۆیان دروستکرد و لە ئاکامدا پاڵى بە وڵاتانى ڕۆژئاواییەوە نا دان بە تورکیاى نوێدا بنێن. ١٥ تشرینى یەکەمى ١٩٢٢ ڕێکەوتنى ئاگربەست بەگەڕکەوت، کە ڕێگەى بە هێزى لەشکریى هاوپەیمانەکان دەدا تەنیا تا مۆرکردنى پەیمانەکە لە ئەستەمبووڵ و ناوچەى دەروازە ئاوییەکاندا بمێننەوە.(Егоров,2015: 653)

لەکاتێکدا تورکیا بە شێوەى سەربازیى ڕووبەڕووى خاڵەکانى پەیمانى سێڤر دەبووەوە، ڕوسیاى سۆڤێتى پشتیوانى تورکیاى دەکرد تا ئەو ئامانجە بەدەست بهێنێت، لە یاداشتى سۆڤێیت بۆ حکومەتى بەریتانى لە ئەیلولى ١٩٢٢دا هاتبوو، کە"حکومەتى ڕوسیا ئەم جەنگەى بە خەباتى گەلى تورك لەپێناوى مانەوە و سەربەخۆیى دادەنێت و وەك خەباتێك دژ بە پەیمانى سێڤر دادەنێت، کە سەروەریى دەوڵەتى تورکى، بە ئازادییە سیاسییەکان و ئابوورییەکانیشەوە دەخاتە ژێر دەسەڵاتى هێزە ئەوروپییەکانەوە، تورکیا لەم خەباتەیدا هەموو سۆزێکى گەلى ڕوسیاى هەیە".(رسول،٢٠٠٨: ١٧٠-١٧١)

پەیمانى سێڤر و بەندەکانى، کە یەکێك بوو لە هۆکارەکانى سەرهەڵدانى بزووتنەوەى ڕزگاریى تورك، لە ئەنجامى ئەو سەرکەوتنەى تورکە ناسیونالیستەکاندا بە تەواوەتى پێشێل کرا، جیا لەوەى پێشێلکردنى مافى گەلى کورد بوو، کە بەپێى ئەو بەندانەى پەیمانەکە دیارییکرابوون، زیانى تریشى بۆ کورد هەبوو؛ چونکە جیا لەوەى لە کۆتایى کانونى دووەمى ١٩١٩دا وڵاتانى ئەنتانت بڕیارى یەکلاکردنەوەى چارەنووسى دەوڵەتى عوسمانیان لەسەر بناغەى دابەشکردنى لەنێوان وڵاتانى سەرکەوتوودا دا، بە شێوەیەك، کە هەردوو بەشە تورکى و ناتورکییەکانى، بە کردەوە و بە ڕەسمییش بگرێتەوە. پرسى تورکى وەك ئەوەى لە ڕۆژەڤى کۆنفرانسى ئاشتى پاریسدا دەرکرایێت. ئاشکرایە ئەم لاوازکردنەى دەوڵەتى عوسمانیى دەرفەتى باشى بۆ سەرکەوتنى بزووتنەوەى ڕزگاریى کوردى، لە کاتى سەرهەڵدانى ڕاپەڕین و خەباتى چەکدارییدا دروست دەکرد.

نەخشەى وڵاتانى ئەنتانت بە ئاشکرا دەرکەوتبوو. ئەوەش، کە پەیوەندى بە پرسى کوردەوە بوو، ئەوە بوو، کە پێشنیارى دابەشکردنەوەیەکى نوێى کوردستان کرابوو.

ناوچەکانی باشوری دەخرایە ناو سنوری هەژموونی بەریتانیا، باشوری ڕۆژئاوای بۆ فەرەنسا، ناوچەکانی ڕۆژئاوا و باکوریشی بۆ ئەمریکا. تەنیا کوردستانی ڕۆژهەڵاتی، وەك هەرێمێکی ئێرانی شاهنشاهی هێڵرایەوە، هەرچەندە ئەو دەوڵەتە، چ بە کردەوە و چ بە ڕەسمی، دوای مۆرکردنی ڕێکەوتنی نێوان بەریتانیا و ئێران، ببووە ناوچەی مەنداتی بەریتانیا، بە واتایەکی تر، کۆڵۆنی بەریتانیا. بەم شێوەیە، هەموو ناوچە کوردنشینەکانی دەوڵەتی عوسمانیی و ئێران بەسەر دوو ناوچەدا دابەشکرا، ئەویش ناوچەی بەریتانیا لە باشور و ڕۆژهەڵات، هەروەها ناوچەی ئەمریکا لە باکور و ڕۆژئاوا. فەرەنسیەکان تەنیا پارچەیەکی بچوکی کوردستانی لە باکوری سوریا بەر دەکەوت.(Лазарев,1989: 135)

## ١.٢.١ کۆنگرەی ئەرزەڕۆم

لە ٢٣ تەموز- ٧ ئابی ١٩١٩ دا لە ئەرزەڕۆم کۆنگرەی کۆمەڵەی پارێزگاریکردن لە مافی ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵات تورکیا بەڕێوەچوو، کە بە کۆنگرەی ئەرزەڕۆم ناسراوە. بەشداربووانی کۆنگرە ڕەخنەی زۆر توندیان لە حکومەتی عوسمانی و داگیرکردنی زۆر ناوچەی دەوڵەتی عوسمانی لە لایەن هێزەکانی هاوپەیمانانەوە گرت.

لەو کۆنگرەیەدا ٥٤ نوێنەر لە ٥ ویلایەتی کوردنشینی(ئەرزەڕوم، بەدلیس، وان، موش و ئەرزنجان)بەشدارییان کرد، کە دژی لکاندنی ئەم ناوچانە بە ئەرمینیاوە بوون. ویلایەتە کوردیەکانی تر وەك- ئامەد، خەرپوت، ئەلەزیز، سییرت و دێرسیم لەژێر هەڕەشەی ڕاستەوخۆی لکاندان بە ئەرمینیاوە نەبوون، لەبەرئەوە لە کۆنگرەکەدا بەشدارییان نەکرد. لە هەشت کەسی سەرۆکایەتی کۆنگرەکەدا سێیان کورد بوون. بەڵام تورکە ناسیونالیستەکان لە بەیاننامەی کۆتاییدا بە هیچ جۆرێك باسیان لە مافی گەلی کورد نەکرد و بە تەواوی خۆیان لەم کێشەیە دزیەوە، جگە لەمەش تورکە ڕەگەزپەرستەکان توانیان بڕیارێکی وا دەربکەن، کە گشت موسڵمانان، لەوانە کوردیش، ناچار بکەن، خەبات دژی جیابوونەوەی ڕۆژئاوای ئەرمینیا و باکوری کوردستان لە دەوڵەتی تورکیا بکەن.(حەسرەتیان،٢٠٠٧: ١٧)

هەرچی حکومەتی سوڵتانیشە، لە دەمی کۆنگرەی سیواسدا هەولی دەدا نارەزایی کورد لە مەڵاتیە بقۆزێتەوە و دژ بە بزوتنەوە نوێکە بەکاری بێنێت. دوای کۆنگرەکەی ئەرزەڕۆمیش ئەفسەری تورك دەستەی چەکداریی کوردیان ئامادە و ڕێکدەخست. ئەو دەستە چکدارانە لە سەرەتادا بەشدارییان لە ئۆپەراسیۆنەکانی دژ بە ئەرمەنە داشناکەکان و گورجە مێنشڤیکەکان دەکرد. بەڵام دەسەڵاتدارانی عوسمانی لە بەکارهێنانیان دژ بە بزووتنەوەی ڕزگاریی تورك سەرنەکەوتن.

## ٢.٢.١ کۆنگرەی سیواس

لە نێوان ٤- ١٢ ئەیلولی ١٩١٩ لە سیواس کۆنگرەیەکی سەرتاسەری کۆمەڵەکانی پاراستنی ئەنادۆڵ و ڕومێلیا بەسترا. هەرچەندە لە کۆنگرەکەدا ژمارەی بەشداربووان لە هی کۆنگرەی ئەرزەڕۆم کەمتر بوو، بەڵام بڕیارەکانی بۆ گەڵاڵەکردنی بناغەکانی پرۆگرامی ڕزگارییخوازیی نیشتمانی بایەخی زۆرتری هەبوو. کۆنگرەی سیواس بڕیارەکانی کۆنگرەی ئەرزەڕۆمی پەسەندکرد، و پێشنیاری بڵاوکردنەوەی بە هەموو تورکیادا کرد. مستەفا کەمال و لایەنگرانی، بۆ پیشاندانی پشتگیریی لە کورد، بڕیارێکیان لە کۆنگرەکەدا لە بارەی کردنەوەی دوو لقی"کۆمەڵەی پاراستنی ماف" لە ئەنادۆڵ و کوردستان دەرکرد. مستەفا کەمال لە نامەکانیدا بۆ کۆمەڵەی پاراستنی ماف لە ئامەد تێگەیشتنی خۆی بەرامبەر پرسی کورد و هاوسۆزیی بۆ کورد دەردەبڕی، و ئاماژەی بۆ ئەوە دەکرد، کە پرسی کورد بۆ تورك ئێجگار گرنگە، هەروەها نیازی خۆی لە"پێدانی مافە نەتەوەییەکان بە برایانی کورد دوای پاککردنەوەی نیشتیمان لە داگیرکەری بێگانە" پیشاندەدا.(Гасратян и др,1987: 115) مستەفا کەمال بۆ بەدەستهێنانی هاوسۆزیی کورد لە کاتی خەباتی ڕزگارییدا زۆرجار دوپاتیدەکردەوە، کە تورك و کورد برای ڕاستەقینەن، کورد مافی تەواوی لە دیارییکردنی چارەنووسدا هەیە، بەڵام پێویستە سەرەتا تورکیا لە دوژمنە دەرەکیەکان ڕزگاربکرێت. ئەتاتورك بەڵێنی دەدا، کە"دوای ڕاونانی یۆنانیەکان لە خاکی تورکیدا کوردستانێکی وا دادەمەزرێنین،کە سیمبوڵی برایەتی هەردوو گەل بنەخشینێت". ئەو کاتە کورد نەیدەزانی سەرکەوتنی ئەتاتورك لەناوچوونی کوردە.

بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونانەی سۆڤێت سەبارەت بەوەی، کە بزووتنەوەی کەمالیی، بزووتنەوەیەکی پێشکەوتنخوازی دژ بە کۆنەپەرستیی و خەلافەتە و لەهەمان کاتیشدا بزووتنەوەیەکی جەماوەریی میللییە، زۆربەی نیشتیمانپەروەرە کوردەکان بەشداریی بزووتنەوەی کەمالییان نەکرد، هەر بۆیە مستەفا کەمال پشتی بە ئاغا و دەرەبەگەکانی کورد، نەک جەماوەری میللی دەبەست، ئەمەش لەو نامانەدا دەردەکەوێت، کە مستەفا کەمال بە مەبەستی ڕاکێشانیان بەلای خۆیدا، بۆ دەرەبەگ و شێخەکانی کوردی دەنارد.(شمو،٢٠٠٨: ٧٠) بەڵام هیچ کوردێك بەشداری نەکرد. ئەوانەش بە ناوی کوردەوە بەشداربوون، وەك، مەزهەر موفید بەگ، کە وەك نوێنەری هەکاری بەشدار بوو، نە کورد بوو، نە خەڵکی هەکاری. مستەفا کەمالیش خۆی لە نامەیەکدا ئەوە ئاشکرا دەکات و دەڵێت:"لە کۆنگرەکەدا نە نوێنەرانی ویلایەتەکانی ڕۆمللی نە ئەنادۆڵی ڕۆژهەڵات بەشدارییان نەکرد".(شمو،٢٠٠٨: ٧٤)

دوای ئەوەی هێزە هاوبەشەکانی تورك و کورد بە ڕێبەری مستەفا کەمال زۆر ناوچەیان کۆنترۆڵکرد، لە کۆتایی ساڵی ١٩١٩دا وەك ئەلتەرناتیڤێك بۆ ئەستەمبووڵی پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی ئەنقەرەیان وەك ناوەندی دەسەڵاتی نوێ هەڵبژارد. ئەنجومەنی میللی مەزنی تورکیا، لە نیسانی ١٩٢٠ حکومەتێکی بە سەرۆکایەتی مستەفا کەمال لە ئەنقەرە دامەزراند.(قاسملو،١٩٩٦: ٤٦)

حکومەتی تورکیا لە ئەنقەرە هەموو شێوازێکی بۆ ڕاکێشانی کورد بە لای خۆیدا. لە یەکێك لە ئاگادارینامەکانیدا، کە لە ئارارات و جولەمێرگ بڵاوببووەوە و تا ڕەواندزیش گەیشتبوو، نوسرابوو:"حکومەتی کۆماری تورکیا بە هەموو لێبڕاوییەکەوە هەموو شتێکی پێویست بۆ گەشەسەندنی شارستانی لە نیشتیمانەکەمان- کوردستانی تورکیا- دەکات، ڕێگاوبان قیرتاودەکەین، لە شار و گوندەکاندا خوێندنگە و مامۆستا دەبێت، خێزانەکان بەختیار دەبن، ئاسایش و یاسا دابینکەری خۆشگوزەرانی دەوڵەتەکەمان دەبێت. ژیان، موڵکوماڵ و ئابڕومەندیی هاووڵاتیانمان پارێزەری کۆمارەکەمان دەبن".(مەزهەر،١٩٨٥: ٧٢)

بە پیادەکردنی ڕەفتاری دیماگۆگانە، بەشێك لە کورد لە بزووتنەوەی ڕزگارییخوازیی گەلی تورکدا لەبەر ئەم هۆیانە بەشدارییان کرد: یەکەم- لە ڕۆژانی سەرەتای دوای کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی دەنگۆی ئەوە بڵاوبووەوە، کە شەش ویلایەتی ڕۆژهەڵاتی تورکیا؛ واتە ئەو ناوچانەی کوردیان تێدا دەژیا- ئەرزەڕۆم، قارس، بەدلیس، ئەرزنجان، موش و وان بە ئەرمینیاوە دەلکێنرێن، هەروەك لە نەخشەی پەیمانی سایکس- پیکۆدا هاتبوو. ئەمە ترسێکی زۆری لای گەلی کورد دروستکردبوو و هەر بۆیە بۆ بەرەو ڕووبەڕووبوونەوەی ئەمەش و بە هۆی هۆکاری تریشەوە خۆیان چەکدار دەکرد؛ دووەم، زانیاری سەبارەت بە دڕندەیی حکومەتی ئەرمینیا بەرامبەر بە کوردەکانی قارس، بەشدارییکردنی سوارەی حەمیدیە لەپاڵ سوپای تورکدا لە ساڵەکانی جەنگی یەکەمی جیهاندا لە قڕکردنی ئەرمەندا، جۆرێك بۆچوونی هەڵە، دوژمنایەتی و هەستی تۆڵەکردنەوە لە لای ئەرمەنەکان بەرامبەر کورد دروستکردبوو، ئاشکرایە کورد بەهیچ شێوەیەك ئامادەنەبوو لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتی داشناکە ناسیونالیستەکانی ئەرمینیادا بێت؛ سێیەم، دەوڵەمەند و دەسەڵاتدارانی کورد، کە دوای قڕکردنی ئەرمەنەکان، زەوی و

مولكومالەكانیان داگیركردبوو، نەیاندەویست لە ئەنجامی چوونەژێردەستی ئەرمەنەكان، بیانگێڕنەوە؛ چوارەم، لەگەڵ هەموو زوڵموزۆر و خراپەكارییەكی توركدا، جۆرێك هەستی نزیكبوونەوەی ئاینی هەبوو، بەو پێیەی بەشێكی زۆر لە كورد موسڵمانی سونی بوون.(Вартанян,.2007: 148)

هەرچەندە بابەتی سەرەكی ئەو كاتە داگیركردنی ئیزمیر لەلایەن یۆنانییەكانەوە بوو، بەڵام ترس لە جیابوونەوەی كورد و دامەزراندنی دەوڵەتێكی سەربەخۆ كەم نەبوو، هەروەك لە بروسكەی مستەفا كەمال لە ١٨ حوزەیرانی ١٩١٩دا بۆ جەعفەر تەیاری فەرماندەی سوپای یەكەم دەردەكەوێت، كە دەڵێت:"سنور بۆ پروپاگەندەی ئینگلیز سەبارەت بە دامەزراندنی كوردستان لەژێر سایەی خۆی و لایەنگرانیدا دانرا و كورد لەگەڵ تورك یەكیان گرت".(شمو،٢٠٠٨: ٦٠)

## ٣.١ پەیوەندییەكانی روسیا و توركیا لە كاتی جەنگی رزگاریی توركدا

لەگەڵ دروستبوونی دوو دەوڵەتی نوێ – روسیای سۆڤێتی( ١٩١٨)، یەكێتی سۆڤێت(١٩٢٢)، كۆماری توركیا(١٩٢٣)دا، سەرنجی گەشەسەندنی پەیوەندییەكانی نێوانیان دەدرێت. لە سەرەتای بیستەكانی سەدەی بیستەمدا، گواستنەوەیەكی زەق لە ململانێوە بۆ هاوكاریی لەسەر ئاستی سیاسیی دیاردەكرێت. (Широкоград,2008:333) دەكرێت قۆناغەكانی پەیوەندییەكانی نێوان روسیای سۆڤێتی و توركیا لەو كاتەوە دەسنیشان بكرێت، كە مستەفا كەمال لە نیسانی ساڵی ١٩٢٠ دا بانگەوازێكی ئاراستەی لینین، سەركردەی روسیای سۆڤێتی كرد.

یەكەم قۆناغی سەرەتای پەیوەندییەكانی نێوان روسیای سۆڤێتی و توركیا لە ساڵانی ١٩٢٠ – ١٩٣٩دا بوو، ئەم قۆناغە قۆناغی گەشەسەندنی بەردەوامی پەیوەندی باشی دراوسێیانە و دۆستانەی دوولایەنە لە بواری سیاسی، ئابووریی و كولتووریدا بوو. (Ульченко,2003:120)

مستەفا كەمال لە ٢٦ نیساندا بە ناوی ئەنجومەنی میللی باڵای توركیاوە، كە لە نیسانی ١٩٢٠دا دامەزرابوو، بانگەوازێكی بۆ بەستنی پەیوەندی دیپلۆماتیی و "بەشدارییكردن لە جەنگی دژ بە ئیمپریالیزمی بێگانە، مەترسیدار بۆ سەر هەردوو وڵات" ئاراستەی حكومەتی روسیای سۆڤێتی كرد و داوای بەستنی پەیوەندی دیپلۆماتیی و هاوپەیمانیی سەربازیی لەنێوان هەردوو وڵاتدا كرد(Березкин,1980:142) كۆمیساری كاروباری دەرەوەی سۆڤێتیش وەڵامی داواكەی مستەفا كەمالی دایەوە و لە نامەیەكیدا نووسیبوی:"حكومەتی سۆڤێتی رەچاوی خواستی ئەنجومەنی میللی باڵا بۆ رێكخستنی كار و ئۆپەراسیۆنە سەربازییەكانتان دژ بە حكومەتە ئیمپریالیەكان لەگەڵ نوێنەری باڵای كاروباری رزگاریی گەلانی چەوساوە دەكات".(النعيمي،٢٠١١: ٢٦)

روسیای سۆڤێتی، كە دوای شۆڕشی ئۆكتۆبەری ١٩١٧ بە هەمان شێوە لە گەمارۆ و گۆشەگیریی نێونەتەوەییدا بوو، پێویستی بە دانپێدانانی فەرمی هەبوو. هەردوو دەوڵەتی تازەدروستبوو هەمان دوژمنی هاوبەشیان هەبوو، كە لە پێشەوەیاندا بەریتانیا بوو. بێجگە لەوەی دەوڵەتی سۆڤێتی، هەروەك روسیای تزاریی، پێویستی بە دەرویەك بۆ ناو دەریاكان هەبوو. تەنگە ئاوییەكان یەكێك لە هۆكانی مۆركردنی پەیمانی دۆستایەتی سۆڤێتی- توركی ساڵی ١٩٢١ بوو.

### ١.٣.١ پەیمانی دۆستایەتیی و برایەتیی نێوان روسیای سۆڤێتی و توركیا

پەیمانی دۆستایەتیی و برایەتیی نێوان روسیای سۆڤێتی و توركیا لە سەردەمی دەستوەردانی چەكداریی هێزەكانی ئەنتانتدا بوو، كە لەو كاتەدا ئەستەمبوڵ، ئیزمیر و بەشێكی بەرچاوی ئەنادۆڵیان داگیركردبوو، جەختكردنەوەیەكی كۆنكرێتی بانگەوازەكەی حكومەتی سۆڤێت لەسەر سەربەخۆیی توركیا و هاوسۆزیی لەگەڵ خەباتی گەلی تورك دژ بە داگیركاریی بوو. ئەم پەیمانە یەكەمین پەیمانی هاومافی دەوڵەتی توركی نوێ لەگەڵ وڵاتێكی زلهێزدا بوو. روسیای سۆڤێتی لە ڕیزی ئەو وڵاتانەدا بوو، كە یەكەمین جار بە شێوەیەكی قانوونی دانیان بە حكومەتی كۆماریی مستەفا كەمالدا نا، بەڵام وەك لە نامەی چیچێرین، كۆمیساری میللی كاروباری دەرەوەی روسیای سۆڤێتی بۆ باڵویزی حكومەتی ئەنقەرە لە مۆسكۆ لە ٢٩ ئایاری ١٩٢١دا باسی ئەوە كراوە، كە"روسیای سۆڤێتی، تەنانەت پێش مۆركردنی پەیمانی مۆسكۆ، هاوكاریی داراییی و سەربازیی ئەنقەرەی كردووە و زۆریش لەوە زۆرتر بووە، كە دەستنیشانكراوە". ( Документы внещней политики1921 – и, I960: 146)

هاوكات لەگەڵ ئەم دانپێدانانەدا، ئەنقەرە كۆمەڵێك دەستكەوتی تری لە مۆسكۆ بەدەستهێنا، وەكو: پشتیوانییەكی زۆر گەورەی سیاسی و مەتریاڵیی لە ساڵانی ئەو جەنگە رزگارییە نەتەوەییەی، حكومەتی توركیای كۆماریی دژ بە سوپای یۆنانی دەیكرد، كە وڵاتانی ئەنتانت پشتیوانییان دەكرد. لەگەڵ ئەوەشدا وڵاتانی ئەورووپا، بەتایبەتی بەریتانیا هەوڵێكی زۆریان دەدا بۆ تەگەرەخستنە بەردەم نزیكبوونەوە و مۆركردنی پەیمان لەنێوان روسیای سۆڤێتی و كۆماری توركیادا، بەڵام دوای زنجیرەیەك كۆبوونەوە و كۆنفرانس لەنێوان شاندی دیپلۆماتیی و شارەزایانی هەردوو وڵاتدا، لە ١٦ مارتی ١٩٢١ لە مۆسكۆ پەیمانی دۆستایەتی و برایەتی لەنێوان روسیای سۆڤێتی و توركیادا مۆركرا.(Березкин,1980: 145)

لە بەندی یەكەمی پەیمانەكەدا هاتبوو، كە "هەریەكە لەو دوولایەنەی پەیمانەكەیان مۆركردووە ڕێكەوتن لەسەر ئەوەی دان بە هیچ ڕێكەوتنێكی ئاشتی یان هەر ڕێكارێكی تری نێودەوڵەتییدا نەنێن، كە بە هێز بەسەر لایەنەكانی ئەم پەیمانەدا بسەپێنرێت. حكومەتی كۆماری روسیای سۆڤێتی سۆسیالستی فیدراڵیی ڕازی دەبێت بەوەی دان بە هیچ ڕێكارێكی نێودەوڵەتیدا نەنێت، كە پەیوەندی بە توركیاوە هەبێت و دان بە حكومەتی نیشتیمانیی توركیادا نەنێت، كە ئێستا ئەنجومەنی میللی باڵا نوێنەرایەتی دەكات".

لە بەندی شەشەمیشدا هاتبوو، كە"هەردوو لایەنی پەیمانەكە، هەموو ئەو پەیمان و ڕێكەوتنانە بە هەڵوەشاوە و سڕاوە دادەنێن، كە تا ئەو كاتە لەنێوان هەردوو لادا، بە بێ ڕەچاوكردنی بەرژەوەندی هاوبەشیان مۆركراون. سەرباری ئەمانەش، حكومەتی كۆماری روسیای سۆڤێتی سۆسیالستی فیدراڵیی بەتایبەتیی ڕایدەگەیەنێت، ئەستۆی توركیا لە هەموو ئەو پابەندییە داراییی و هاوشێوانەی بەرامبەری ئازادە، كە بەپێی ڕێكارە نێودەوڵەتییەكان پێشتر لەنێوان توركیا و حكومەتی تزارییدا مۆركراون".(Сборник действующих договоров,1935: 157 – 163)

هەموو ئەم بەندانە پشتیوانییەكی گەورەی روسیای سۆڤێتی لە لایەنی دیپلۆماتیی و بەهێزكردنی پێگەی توركیای كەمالی لە ئاستی نێودەوڵەتییدا بوو. لە لایەكی ترەوە، لەگەڵ ئەوەشدا، كە حكومەتی سۆڤێتی، سەرباری ئابڵوقەی ئابووری و گیرۆدەبوونی بە جەنگی ناوخۆ و دەستدرێژی راستەوخۆی وڵاتانی رۆژئاواوە، كە ببووە هۆی ئەوەی نەتوانن هەموو خواستەكانی توركیا بە دیبێنن، وەك زێڕ دابین بكەن، (Документы внещней политики1921 – и, I960: 146) بەڵام حكومەتی سۆڤێتی توانیویەتی لە زۆر بواری پێویستدا كۆمەكی حكومەتی ئەنجومەنی میللی تورك بكات، هەروەك لە بروسكەی باڵوێزی ئەنقەرە لە ٦ تەموزی١٩٢١دا دەردەكەوێت، كە"سەرباری تۆپخانە و گولەتۆپ و ئەسپ و گالیسكە بۆ ڕاكێشان، كەرەسەی تری سەربازیی و تەقەمەنی بەشی یەكەمی هاوكارییەكانی حكومەتی روسیای سۆڤێتی بۆ حكومەتی ئەنجومەنی میللی باڵای توركیا گەیشتوون، كە لە تفەنگ، مەترەلۆز و

تەقەمەنییەکانی پێکهاتوون".  هەر بۆیە لە کۆتایی بروسکەکەیشدا دەڵێت:"بە ناوی حکومەتەکەمانەوە سوپاسی ڕەفتاری دڵسۆزانەی حکومەتی ڕوسیای سۆڤێتی دەکەم، کە لەگەڵ سەختیی گواستنەوە لە ڕوسیاوە، ئاوڕی لە دابینکردنی پێویستیە هەنووکەییەکانی سوپاکانمان داوەتەوە، وەك کەلوپەل و تفاق سەربازیی و تەقەمەنی و چی لە توانایشیدا بێت، کردوویەتی بۆ ئەوەی بەخێراترین شێوە بگەیەنرێتە تورکیا". (Документы внещней политики1921 – и, 1960: 146)

تەنانەت مستەفا کەمالیش دان بە ڕۆڵی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ڕوسیای سۆڤێتی لە سەرکەوتنیاندا دەنێت و دەڵێت:"سەرکەوتنی تورکیا بەسەر داگیرکەراندا بە قوربانییەکی زۆر گەورەتر و تەنانەت مەحاڵیش دەبوو، ئەگەر پشتیوانیی ڕوسیا نەبوایە. ڕوسیا لە ڕووی مادی و دەروونییەوە یارمەتی تورکیای دا. تاوانێکی گەورە دەبێت، گەر بێتوو گەلەکەمان ئەو یارمەتییەی لەبیر بچێتەوە".(Егоров,2015: 653-654)

پەیوەندییەکان هەر لەو ئاستەدا نەمانەوە و ڕۆژبەڕۆژ لە پەرەسەندندا بوو و چەندین پەیمان و ڕێکەوتننامەی تریشی بەدوادا هات. ئەوە بوو، لە ٢٨ تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٢ دانوستان لەسەر مۆرکردنی ڕێکەوتنی بازرگانی دەستی پێکرد. ( Документы внещней политики1921 – и, 1960: 603) و تەنانەت لەبواری دابینکردنی وزەی سووتەمەنی و ناردنی نەوتیشدا، ڕوسیای سۆڤێتی کەمترخەمیی نەکرد و لە ساڵی ١٩٢٢-١٩٢٣ مانگ لە دوای مانگ زیادی کردووە تا گەیشتۆتە ١٠% بەرهەمی نەوتی ڕەوانەکراو بۆ دەرەوە بۆ تورکیا بووە. وەك لە یاداشتی شاندی سۆڤێتی لە کۆنفرانسی بەریتانیا- سۆڤێتدا لە لەندەن لە ٢٠ ئایاری ساڵی ١٩٢٤دا دەردەکەوێت.(Документы внещней политики1924, 1963: 297-208)

بەڵام وەك توێژەری ئازەری سۆڤێتی بوکشپان دەڵێت، پەیمانی ١٩٢١ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە کوردەوە هەبوو، بەو پێیەی لەدەستدانی کوردەکانی عێراق و خاکەکەیان بە پێدان و گەڕانەوەی کوردی ناوچەکانی قارس، باتوم و قەزای سورمالین و خاکەکەیان بۆ کۆماری تورکیا بە پێی ئەو ڕێکەوتنەی نێوان کۆماری ڕوسیای سۆسیالستی سۆڤێتی فیدراڵی و کۆماری تورکیا.(Букшпан,1932: 54)

## ٢.٣.١ دامەزراندنی کۆماری ئازەربایجان و ئەرمینیا (١٩١٨ – ١٩٢٠)، مەترسی بۆ سەر ڕوسیای سۆڤێتی و تورکیا

هەرچەندە بە شکستی دەوڵەتی عوسمانیی ساڵی ١٩١٨، خەونی تورکە لاوەکان بە دروستکردنی یەکێتی تۆرانی کۆتایی هات، کە پێشتریش ڕوسیای زۆرسەغڵەت کردبوو، چونکە هەندێك لە نووسەرانی تورك باسیان لەوە دەکرد، کە یەکێتی تۆرانیی بە بوونی ڕوسیای تزاریی بەدی نایەت، ئەمە سەرباری بیرکردنەوەی تورکەکان لە ڕووکردنە ناوەڕاستی ئاسیای ژێردەستی ڕوسیا، بەتایبەتیش کە بڕوایان بە یەکێتی بنەچە و زمان و ڕەگەز و ئایین هەبوو. هەموو ئەوانە ببوونە مایەی دڵەڕاوکێ و ترس لای ڕوسیای تزاریی، بەڵام سەداکەی بە دروستکردنی ئازەربایجان هەر مابووەوە. هەرچەندە بە کوشتنی ئەنۆر پاشا، یەکێك لە سێ سەرکردەکەی پارتی ئیتحاد و تەرەقی، کە ڕێبەریی یاخیبوونی هۆزەکانی باسمەچی لە ئاسیای ناوەڕاست دەکرد، کۆتایی بە یەکێتی تۆرانی هات. (النعيمي،٢٠١١: ٢١-٢٢) ئەنۆر پاشا، کە پێشتر وەزیری بەرگری حکومەتی سوڵتان بوو و لە ساڵی ١٩١٨ەوە لە ئەڵمانیا پەنابەر بوو، زۆر بە بەرفراوانی پروپاگەندەی بۆ پانئیسلامیزم دەکرد و لە هەمان کاتدا چالاکی دژ بە بزووتنەوەی دژەئیمپریالیستی وڵاتانی ڕۆژهەڵات دەکرد. ساڵی ١٩٢١ سەردانی باتومی کرد و نیازی بوو دواتر لەوێوە بچێتە تورکیا. بەڵام حکومەتی ئەنجومەنی میللی باڵای تورکیا، ڕێگەی پێ نەدا بچێتە ناو وڵاتەوە.( Документы внещней политики1921 (– и,I960: 799

لە ئەنجامی داگیرکردنی پشتقەفقاز لەلایەن هێزەکانی دەوڵەتی عوسمانییەوە، تورکە ناسینونالیستەکان توانیان بە ڕێبەریی پارتی موساوات کۆمارێکی سەر بە خۆیان دابمەزرێنن. ئەو کۆمارە لە سەرەتادا، زۆرتر ڕوخسارێکی ئایینی هەبوو و هێشتا چەمکی نەتەوەیی ئازەربایجانیی(ئازەری) لە چوارچێوەی پرۆژەکەیاندا دروست نەببوو. دەوڵەتی عوسمانیی، وەك گەرانتێکی سیاسیی دەرەکیی بۆ کۆماری ئازەربایجان لە ساڵی ١٩١٨دا، بە هەمان شێوە پرۆسەی بەئەتنیککردنی پرۆژە نەتەوەیەکەیشی چالاك دەکرد. بەڵام شکستی وڵاتانی تەوەر و دەرچوونی سوپای تورك لە تشرینی دووەمی ١٩١٨دا لە ناوچەکە، کۆماری ئازەربایجانی لە هاوپەیمانێکی گرنگ بێبەش کرد.(Цуциев,2006: 52)

بەڵام دەسەڵاتی موساواتیەکان زۆری نەخایاند و لە ئازەربایجان پێچرایەوە و ٢٣ ی نیسانی ١٩٢٠ دەسەڵاتی سۆڤێتی لەوێ ڕاگەیەنرا. سەرکردەکانی سۆڤێت هەوڵیان دا، سەرەتا دەسەڵاتی سۆڤێتی لە ئازەربایجان سەقامگیر بکەن. بۆ ئەم بڕیارەی، جگە لە فاکتەرە مێژووییەکان و ڕێژەی دانیشتوان، فاکتەری نەوت و دەوڵەمەندی و شوێنی ستراتیژی ئازەربایجانی ڕەچاو کردووە، بەتایبەت هاوسنووری لەگەڵ دەریای قەزوین و ئێران و تورکیادا، کە دەکرێ لەوێوە پەل بهاوێژێتە وڵاتانی ڕۆژهەڵات، بەتایبەتی ئێران. ئەو سەرکردایەتییە لەو دەمەدا سەرقاڵی ناردنەدەرەوەی شۆڕشی بەلشەفیکی بوو بۆ ئێران و باکوری ئێران، بە مەبەستی دەرکردنی ئینگلیز لە ئێران، کە کێشەیان لە ڕێگەی ئێرانەوە بۆ بەلشەفیکەکان نابووەوە، سوپای سپی سەر بە ڕژێمی پێشووی ڕوسیایش لە ناوچەکە و ئێراندا هەبوو. (ئەفراسیاو هەورامی، ٢٠٠٦: ١٣)

دامەزراندنی ئازەربایجانی سۆڤێتی و هەروەها مۆرکردنی پەیمانی دۆستایەتیی نێوان سۆڤێت و تورکیا، کۆماری ئەرمینیای خستە ناو ئابڵوقەیەکی ڕاستەقینەوە. جەنگی ئەرمەن - ئازەربایجان ساڵی ١٩٢٠ بە مۆرکردنی ڕێکەوتننامە لەنێوان ئەرمینیا و ڕوسیای سۆڤێتی کۆتایی هات. هەر لەو کاتەدا سوپای ئازەربایجانی سۆڤێتی ناوچە کێشەلەسەرەکانی شوش، نەخچەوان و زەنگەزوریان داگیرکرد. دوای هەوڵدانی تاکلایەنەی حکومەتی داشناك لە ئەرمینیا بۆ جێبەجێکردنی بەندەکانی پەیمانی سێڤر و جووڵاندنی سوپای ئەرمەنی لە ناوچەی ئۆلتین لە تشرینی یەکەمی ١٩٢٠دا، بیانووی بۆ هەڵگیرسانی جەنگی تورکی - ئەرمەنی ڕەخساند. پەلاماری کەمالییەکان لە ڕۆژئاوا و ڕاپەڕینی پرۆسۆڤێتی و لەشکرکێشی سۆڤێتی لە ڕۆژهەڵاتەوە بوونە هۆی ئەوەی، لە سەرەتای کانونی یەکەمی ١٩٢٠دا کۆماری ئەرمینیا نەمێنێت و لەنێوان سۆڤێت و تورکیادا دابەشبکرێت،(Цуциев,2006: 56) بە ماوەیەکی کەم، لە ٢٩ تشرینی دووەمی ١٩٢٠، دەسەڵاتدارێتی سۆڤێت لە ئەرمینیا لەو ناوچەیەدا دامەزرا، کە بەر سۆڤێت کەوت. (ئەفراسیاو هەورامی، ٢٠٠٦: ١٣) شایەنی باسە، کە شارەزایەکی سۆڤێتی بە ناوی ڤیلمتان، دواتر، لە تشرینی دووەمی ١٩٢٩دا لەبارەی گرنگیی دامەزراندنی کۆماری ئەرمینیای سۆڤێتی و پرسی کوردەوە دەنوسێت:"شۆڕشی سۆڤێتی لە ئەرمینیا هەموو ئەو نەخشانەی بەریتانیا تێکدەشکێنێت، کە ئامانجی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لایەنگری بەریتانیا و دژ بە ئێمەیە".(رسول،٢٠٠٨: ١٥٧)

### ٣.٣.١ ڕێکەوتننامەی قارس لەنێوان تورکیا و کۆمارە سۆڤێتییەکانی پشتەقفقاز

ڕووسیای سۆڤێتی جیا لەو پەیمانەی لەگەڵ تورکیادا بەستبووی، نێوەندگیریشی لەنێوان تورکیا و وڵاتانی تریشدا کرد، بەتایبەتیش ئەو کۆمارە سۆڤێتیانەی لە پشتەقفقاز دامەزرابوون. ئەوە بوو ڕێکەوتننامەی دۆستایەتی قارس، کە لە لە ٢٠ بەند پێکهاتبوو، ١٣ تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢١ لەنێوان تورکیا لەلایەك و سێ کۆماری سۆڤێتی ئەرمینیا، ئازەربایجان و گورجستان و بە بەشداریی ڕووسیای سۆڤێتی مۆرکرا، کە گرنگترین بەندەکانی:

بەندی ٢: لایەنە ڕێکەوتووەکان دان بە هیچ ڕێکەوتنێکی ئاشتی یان پرۆسەیەکی نێودەوڵەتییدا نانێن، ئەگەر بە زۆر بەسەر هەر کامێك لەم لایەنانەدا سەپێنرا بێت. بەم هۆیەوە، کۆمارە سۆڤێتەکانی ئەرمینیا، ئازەربایجان و گورجستان بەوە ڕازی دەبن، کە دان بە هیچ پرۆسەیەکی نێودەوڵەتیی تایبەت بە تورکیادا نەنێن، ئەگەر حکومەتی تورکیا، بە نوێنەرایەتی ئەنجومەنی میللی باڵا دانی پێدا نەنابێت.

بەندی ١٠: لایەنە ڕێکەوتووەکان پابەند دەبن بە ڕێگەنەدان بە دروستکردن یان مانەوە هیچ ڕێکخراو و گرووپێك لەسەر خاکی خۆیان، کە ڕکابەری لەسەر پێگەی حکومەتی وڵاتەکەی تر یان لەسەر بەشێك لە خاکەکەی بکات، بە هەمان شێوەش مانەوەی ئەو دەستانەی، ئامانجیان خەباتکردن دژی وڵاتەکەی تر بێت. ( Документы внещней политики1921 – *u*, I960: 421-422, 424)

ئاشکرایە لێرەدا سەرباری ئەو هێز و لایەنە ئۆپۆزیسیۆنانەی دژ بە دەسەڵاتی سۆڤێتی و پاشاوەکانی ڕووسیای تزاریی و دەوڵەتی عوسمانیی، بە پلەی یەکەم مەبەست لەو ڕێکخراو و گروپە کورد و ئەرمەنانەیە، کە لە ئەگەری خەباتکردن و ڕاپەڕین دژ بە حکومەتی ئەنقەرە و هەروەها ئەرمینیای سۆڤێتییدا دەردەکەون، هەروەکو لە ڕاپەڕینەکانی ساڵانی دواتردا دەردەکەوێت، کە چۆن دەسەڵاتدارانی سۆڤێت و تورکیا لەو بوارەدا هاوکاریی یەکتر دەکەن.

### ٤.٣.١ پەیمانی لۆزان و هەڵوێستی ڕووسیای سۆڤێتی و تورکیا

دوای پتەوبوونی دەسەڵاتی کەمالییەکان لە تورکیا لە ڕێگەی هاوپەیمانێتی و پشتیوانیی ڕووسیای سۆڤێتی و سەرکەوتنی هێزەکانی تورکیا لە جەنگی ڕزگاریی لە ١٩١٨-١٩٢٢ دا، بەتایبەتی دوای ئەوەی لە ئەیلولی ١٩٢٢دا، هێزەکانی تورکیا توانیان بەسەر هێزە بەریتانی و یۆنانیەکاندا سەربکەون، بەمەش دەرگایان لەسەر چارەسەری سەربازیی لەبەردەم وڵاتانی ڕۆژئاوا داخست و پرسی بەستنی کۆنفرانسێکیان بۆ چارەکردنی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەپاند. لەو دەمەوە بەریتانیا هەڵوێستی خۆی بەرامبەر حکومەتی ئەنقەرە گۆڕی. وردەوردە کات و هەلومەرجی مۆرکردنی پەیمانی نوێ، بەرەچاوکردنی هەلومەرجی نوێ و خواستی تورکیا ڕەخسا. لە کۆبوونەوەکانی ٢٠-٢٤ی ئەیلولی ساڵی ١٩٢٢ لە پاریس بڕیاری بەستنی کۆنفرانسێکی لەو جۆرە درا و بە کۆنفرانسی ئاشتی لۆزان کۆتایی هات، دوای ئامادەکردنی وردەکارییەکان، ٢٠ تشرینی دووەمی ١٩٢٢ لە لۆزان، بە ئامادەبوونی نوێنەری بەریتانیا، فەرەنسا و چەند وڵاتێکی تر کۆنفرانسەکە بەسترا.

لە پەیمانی لۆزان، کە لە تەموزی ١٩٢٣ مۆرکرا، بناغەی قانوونێکی نێودەوڵەتیی دارێژرا، کە دەرکەوتەی ئەنجامەکانی سەرکەوتنی ئەنتانت لە ناوچەکە و ڕووداوە شۆڕشگێرییەکانی ڕووسیا و ناوچە دراوسێکانی لە ڕۆژهەڵات بوو. لە ئاکامدا گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لە نەخشەی سیاسی و جوگرافیی باشوری ڕۆژئاوای ئاسیادا ڕوویدا.(Лазарев,2005: 5)

کاتێك ڕووسیای سۆڤێتی بە کردنەوەی کۆنفرانسەکەی زانی، مشتومڕێکی زۆر لەگەڵ ڕێکخەرانی کۆنفرانس سەبارەت بە بەشداریکردنی ڕووسیای سۆڤێتی لە کۆنفرانسەکەدا کرا و لە ٢٤ ئەیلولی ١٩٢٢ یاداشتێکی ئاڕاستەی وڵاتانی ڕێکخەری کۆنفرانسەکە کرد، کە تێیدا نیگەرانی خۆیان بەرامبەر ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و مافپێدان بە وڵاتانی دوور لە دەریای ڕەش بە کۆنترۆڵکردنی تەنگە ئاوییەکان دەربڕیبوو. حکومەتی سۆڤێتی، هۆشداریی ئەوەیشی دابوو، کە دان بە هیچ بڕیارێکدا نانێت، ئەگەر بەشداریی تێدا نەکردبێت، داوایشی کردبوو دەمودەست وڵاتەکانی دەوری دەریای ڕەش بانگبکرێن.

دوای مشتومڕێکی زۆر حکومەتی سۆڤێتی، لە کۆتایی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢ ڕووسیای سۆڤێتی، بۆ گفتوگۆ لەسەر تەنگە ئاوییەکانی تورکیا، بۆ کۆنفرانسەکە بانگکرا. ڕووسیای سۆڤێتی لەوێ پێشنیاری کرد، کە تەنگە ئاوییەکان لە ڕووی کەشتی جەنگیی هەموو وڵاتاندا، جگە لە تورکیا دابخرێت. لە باروودۆخی ئەو دەمەدا، حکومەتی سۆڤێتی لە دیدەنیگای بەرژەوەندی خۆی و تورکیا تەماشای ئەو پرسەی دەکرد، چونکە ئازادکردنی هاتوچۆ لە تەنگە ئاوییەکان زۆر لە بەرژەوەندی وڵاتانی ئەورووپیدا دەبوو. لە کاتێکدا پێشنیارەکە لە بەرژەوەندی تورکیا دابوو.(Ульченко,2003: 79-80) چونکە پەیمانی لۆزان کۆماری تورکیای لەو ناوچانەی لە دەوڵەتی عوسمانییەوە مابووە، بۆ گۆڕەپانی مێژوو گواستەوە. ئەو ڕێکەوتنەش شوناسی دەرەوەی دەوڵەتی دەردەخست، کە لە شوناسی ناوخۆیی جیا بوو؛ چونکە بەهۆیەوە دەستبەرداری شوناسی ئیسلامی و سیاسەتەکەی دەبوو، کە ببووە هۆی هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتەکە.(أوغلو،٢٠١٠: ٩٢)

هەڵوێستی توندی حکومەتی سۆڤێتی بەهۆی ئەوەوە بوو، کە هەواڵی سەبارەت بە خواستی کێرزۆن لە ڕێگەنەدان بە ڕووسیا بە بەشداریکردن لە کۆنفرانسەکەدا پێگەیشتبوو، وەزیری دەرەوەی بەریتانیا، دەیویست بەم هەنگاوەی، یەکەم - پەیوەندی نێوان سۆڤێت و تورکیا تێکبدات، دووەم - لابەلا لەگەڵ تورکەکاندا لەسەر تەنگە ئاوییەکان ڕێکبکەون، بۆ ئەوەی کەشتیگەلیی بەریتانی هەرکاتێك ویستی بۆ ناو دەریای ڕەشدا هاتوچۆ بکات، ئەمەش دەیتوانی ببێت بە گوشاری هەمیشەیی بەریتانیا لەسەر تورکیا و ڕووسیای سۆڤێتی.

بەریتانیا، کە پێشتریش لە کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٢١دا لە ئینێبولۆ لە باکوری تورکیا دانوستانی نهێنی لەگەڵ تورکیا کرد، کە تیایدا شاندی ئینگلیز پێشنیاری هێشتنەوەی تەنگە ئاوییەکان لەژێر دەسەڵاتی هاوپەیمانان و بەجێهێشتنی ئیزمیر و فراکیا بۆ یۆنان، لە بەرامبەردا قەرەبووی تورکیا بە ناوچەکانی کۆمارە سۆڤێتییەکانی پشتەقفقاز کردبوو. بەڵام حکومەتی تورکیا پێشنیارەکەی ڕەتکردەوە. ( Документы внещней политики1921 – и, I960: 594)

لە کاتی کۆنفرانسی ـ لۆزانیشدا هەوڵی دەدا تورکیا بۆ لای خۆی ڕابکێشێت و ڕژێمی کەمالی لە ڕووسیای سۆڤێتی دووربخاتەوە. لێرەدا ڕووی ڕاستەقینەی ڕژێمی تورکی لە لەگەڵ ڕووسیای سۆڤێتیدا دەردەکەوێت، چونکە هەوڵدانی وەزیری دەرەوەی حکومەتی ئەنقەرە بەکر سامی بەگ ئاشکرابوو، کە لە کاتی کارەکانی کۆنفرانسی ـــ لۆزاندا، دەیویست لە پشتپەردەوە، لەگەڵ نوێنەرانی ئینگلیزدا ڕێکبکەوێت و پێشنیاری ئەوەی بۆ کردن کە بەرەیەکی هاوبەش دژ بە بەلشەفیکەکان دروستبکەن.( Ульченко,2003:123)

هەرچەندە پەیمانی لۆزان بەشێکی ئەو ناوچانەی بۆ تورکیا گێڕایەوە، کە بەپێی سێڤەر لە تورکیا دادەبڕان، بەڵام کێشەی ویلایەتی موسڵ بە چارەسەرنەکراوی مایەوە و، دواتر بە بەشداریی کۆمەڵەی گەلان چارەسەرکرا. بەڵام بەگشتی لۆزان پاراستنی

سەروەریی و یەکپارچەیی خاکی تورکیای نوێ و ڕێگەگرتن لە پارچەکردنی دەستەبەرکرد و هەروەها لە ڕووی پرسە ئابوورییەکانیشەوە، تورکیا بە پشتیوانیی یەکێتی سۆڤێت چەند دەسکەوتێکی بەدەستهێنا و بەپێی بەندی ٢٨ ڕژێمی کەپیلاسیۆن هەڵوەشێنرایەوە و هەروەها جگە لە هێشتنەوەی کۆنترۆڵی دەوڵەتیی بەسەر کۆنسێسیۆمە بیانییەکانی ناو تورکیاوە بەدەست حکومەتەوە، قەرزەکانی سەر دەوڵەتی عوسمانیی بە شێوەی سازان چارەسەر کران، بە شێوەیەك، کە لە قازانجی تورکیادا بوو. (http://www.ataa.org/news/ spotlight-peace-treaty-of-lausanne-and-the-end-to-armenian-aspirations/)

بەڵام ئەم گۆڕانکارییانە بۆ گەلی کوردی چەند ملیۆنیی ئاکامی بەردەوامیان هەبوو. ئیتر لەو ساتەوە چارەنووسی کورد بە چەند هەلومەرجێکی واقیعی سیاسی نوێوە بەسترا، کە جیاوازی لەو هەلومەرجانە زۆرتر بوو، کە لە قۆناغی پێش لۆزاندا هەبوون. ئەگەر یەکسەر دوای کۆتاییهاتنی جەنگی جیهانیدا، کورد توانیبێتی ئاوات بەوە بخوازێت، کە لە ئاڵوگۆڕەکانی دوای جەنگ، تەنانەت لە بەرەی دیپلۆماتیی و ئەو بێسەرەبەرەییەدا دەتوانن هەر هیچ نەبێت تا ئەندازەیەك خاکی پەرتکراوی نیشتیمانەکەیان یەکبخەن و سەربەخۆیی بەدەست بێنن و یا بەلای کەمەوە ئۆتۆنۆمی بەدەست بێنن، ئەوا لە دوای لۆزان بارەکە تەواو پێچەوانە بووەوە. پرسی کورد ئیتر وەك پرسێکی نێودەوڵەتیی، بە هەموو واتایەکەوە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە کارنامەی ڕۆژ دەرکرا و تەنیا وەك پرسێکی ناوچەیی لە چوارچێوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا مایەوە.(Лазарев,2005: 3-4)

## ٤.١ پەیوەندییەکانی سۆڤێت و تورکیا دوای ڕاگەیاندنی کۆماری تورکیا

حکومەتی سۆڤێتی بە تەنیا پشتگیریی مۆراڵی- سیاسیی حکومەتی توکیای نەدەکرد، بەڵکو لە سەختترین ڕۆژگارەکانی مێژووی کۆماری تورکیا و لەکاتی جەنگی ڕزگاریی و کۆنفرانسی- لۆزاندا، پشتیوانی و یارمەتی تەکنیکی و جەنگیی دەکرد و پەیوەندییەکانیان پێی نایە قۆناغێکی ترەوە. ئەوە بوو لە ٨ ئەیلولی ١٩٢٤دا نوێنەری یەکێتی سۆڤێت لە تورکیا لەسەر فەرمانی حکومەتی سۆڤێتی پەیوەندی بە عیسمەت ئینونوی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی تورکیاوە کرد و بە مەبەستی بەهێزکردنی هاوکاریی سیاسیی دواتر لەنێوان هەردوو وڵاتدا، پێشنیاری فراوانکردنی پەیمانی سۆڤێتی تورکی ١٦ مارتی ١٩٢١ پێشکەش کرد. عیسمەت پاشا بە ناوی حکومەتی تورکیاوە پێی ڕاگەیاند، کە لەسەر فراوانکردنی پەیمانەکە ئامادەی دەستپێکردنی دانوستاندنن و داوای کرد پێشنیارەکانی سۆڤێت گەڵاڵە بکرێن. لە ٢٤ مارتی ساڵی ١٩٢٥دا، تۆفیق ڕوشدی، وەزیری دەرەوەی تورکیا پڕۆژەی ڕێکەوتنێکی بە سوریتس، نوێنەری ڕێگەپێدراوی یەکێتی سۆڤێت لە تورکیا دابوو. (Документы внещней политики 1925,1963: 193, 212)

لە ١٩ ئەیلولی ١٩٢٥دا چیچێرین بە تێلیگرافێك نوێنەرەکەی خۆیانی، کە ئەوان پێشنیار دەکەن، ئەو پەیمانەی پێشوو هەموار بکرێتەوە و پەیمانێکی تر سەبارەت بە بێلایەنیی دۆستانە بۆ کاتی ڕوودانی جەنگ لەلایەن یەکێك لەم دوو لایەنە لەگەڵ وڵاتی سێیەمدا، هەروەها پابەندبوون بە بەشدارییەنەکردن لە هیچ کۆڕبەندێکی دوژمنکارانە دژ بە هەر کامێك لەم دوو لایەنە. بەڵام بەهۆی نەخۆشکەوتنی عیسمەت پاشا و دروستبوونی قەیرانی حکومی لە تورکیا، بۆ ماوەیەك گفتوگۆکان وەستێنران. دواتر، کە فەتحی بەگ شوێنی عیسمەت پاشای گرتەوە، دەست بە ئاڵوگۆڕی بیروڕا کرایەوە و لە مانگی کانونی دووەمی ١٩٢٥دا دانوستاندن دەستی پێکرد و بە ڕێکەوتن لەسەر پەیمانی دۆستایەتی و بێلایەنی کۆتاییان هات. (Документы внещней политики 1925,1963: 766, п9)

## ١.٤.١ پەیمانی دۆستایەتی و بێلایەنی نێوان یەکێتی سۆڤێت و کۆماری تورکیا

پەیماننامەی دۆستایەتی و بێلایەنی لە نێوان روسیای سۆڤێتی و کۆماری تورکیا لە ١٧ کانونی یەکەمی ١٩٢٥ دا لە پاریس، ڕاستەوخۆ دوای چارەسەرکردنی کێشەی موسڵ مۆرکرا و ساڵی ١٩٣٥ بۆ ماوەی ١٠ ساڵ نوێکرایەوە، لەلایەن چیچێرین، کۆمیساری کاروباری دەرەوەی یەکێتی سۆڤێت و تۆفیق ڕوشدی، وەزیری کاروباری دەرەوەی کۆماری تورکیا مۆرکرا، لەم بەندانە پێکهاتبوو:

بەندی١: لە کاتی ڕوودانی هەر پەلامارێکی سەربازیی دژ بە هەر یەکێك لەم دوو لایەنەی ڕێکەوتنەکە، لە لایەن وڵاتی سێیەم یان چەند وڵاتێکەوە، لایەنەکەی تری پەیمانەکە، پابەند دەبێت بە ڕەچاوکردنی بێلایەنیی بەرامبەر بە لایەنی یەکەم.

بەندی٢: هەر یەکە لەم لایەنانەی ڕێکەوتنەکە، پابەندی بەشدارینەکردن لە هیچ جۆرە پەلامارێك بۆ سەر لایەنەکی تر دەبێت، بە هەمان شێوەش لە هیچ هاوپەیمانێتییەکی تر یان ڕێکەوتنێکی دوژمنکارانە بەرامبەر لایەنەکەی تری ڕێکەوتنەکە لەگەڵ وڵاتی سێیەم یان چەند وڵاتێکی تردا نابێت، هاوکات لە هیچ هاوپەیمانێتیەکی تر یان ڕێکەوتنێکی دوژمنکارانە بەرامبەر ئاسایشی سەربازیی و دەریایی لایەنەکەی تری ڕێکەوتنەکە لەگەڵ وڵاتی سێیەم یان چەند وڵاتێکی تردا نابێت. جگە لەوەی، هەر یەکە لەم دوو لایەنەی ڕێکەوتنەکە، بەڵێنی ئەوە دەدەن، کە لە هیچ کارێکی دوژمنکارانەی وڵاتی سێیەم یان چەند وڵاتێکی تردا دژ بە لایەنەکەی تری ڕێکەوتنەکە نەکات.

بەندی ٣- ئەم ڕێکەوتنە لە ساتی پەسەندکردنیەوە دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە و بۆ ماوەی سێ ساڵ کارا دەبێت. دوای ئەمە، ڕێکەوتنەکە خۆبەخۆ بە درێژکراوە بۆ ساڵێك دادەنرێت، ئەگەر هیچ کام لە لایەنەکانی ڕێکەوتنەکە خواستی خۆی بۆ هەڵوەشاندنەوەی لە ماوەی شەش مانگ پێش تەواوبوونی کاتەکە ڕانەگەنێت.

دوای ئەوەی لە ٨ کانونی دووەمی ١٩٢٦ لەلایەن حکومەتی سۆڤێتی و لە ١١ شوباتی ١٩٢٦ لەلایەن ئەنجومەنی میللی باڵاوە پەسەندکرا، بەڵگەنامەی پەسەندکراوی ڕێکەوتنەکە لە ٢٩ حوزەیرانی ١٩٢٦ لە ئەستەمبوڵ ئاڵوگۆڕکراو. (Документы внещней политики 1925,1963: 739-740)

ئەم پەیمانە ڕەهەندێکی نوێی بۆ پەیوەندییەکانی تورکیا و یەکێتی سۆڤێتی هێنایە ئاراوە، ئەویش بەوەی دەقێکی تێدا بوو، کە باس لە پەلامارنەدان دەکات، بەتایبەتیش ئەگەر بزانین لەو کاتەدا تورکیا بەهۆی کێشەی موسڵەوە لەگەڵ بەریتانیا لە ململانێدا بوو. لە گەرمەی ئەم پەرەسەندنەدا، تورکیا هەوڵی دەدا پشتیوانیی یەکێتی سۆڤێت بەدەست بێنێت و لەم بوارەدا چیچێرین وەزیری دەرەوەی یەکێتی سۆڤێت لەو کاتەدا لە نامەیەکدا ئەوەی ئاشکرا کرد، کە لەکاتی قەومانی جەنگدا کار بە پەیمانی ساڵی ١٩٢١ دەکرێت. هەروەها یەکێك لە ئاکامەکانی تری ئەم پەیمانە، ڕێکەوتنی بازرگانیی نێوان یەکێتی سۆڤێت و تورکیا بوو، کە لە ساڵی ١٩٢٧دا مۆرکرا ، کە لە چەشنی خۆی یەکەم بوو لەنێوان هەردوو وڵاتدا.(النعيمي،٢٠١١: ٣١-٣٢)

بەڵام ئەم پەیمانە، کە تەنیا تا پێش کۆتایی جەنگی جیهانی دووەم کارا بوو، یەکێتی سۆڤێت لە ١٩ مارتی ١٩٤٥دا هەڵی وەشاندەوە و بۆ بەستنی پەیمانێکی نوێ لەگەڵ تورکیادا مەرجی گێڕانەوەی هەرێمەکانی قارس و ئەردەهان دانا، کە پێشتر بەپێی پەیمانی١٩٢١ دا دەستبەرداری ببوو و داوایشی دەکرد، کە بنکەی سەربازیی لە ناوچەی تەنگە ئاوییەکاندا دابنێت و هەمواری پەیمانی مۆنتریۆی ساڵی١٩٣٦ بکرێتەوە، کە بە مەبەستی ڕێکخستنی هاتوچۆ بەناو تەنگە ئاوییەکانی دەریای ڕەشدا مۆرکرابوو، هەروەها داوای ئەوەیشی دەکرد، پەیمانێکی نێودەوڵەتی بۆ بەرگری لە دەریای ڕەش ببەسترێت. (خولي،٢٠١٤: ٨)

## تەوەری دووەم

## خەباتی رزگاریخوازیی کورد لە ساڵانی ١٩٢٠ – ١٩٣٠ و هەڵویستی سۆڤییت

### ١.٢ خەباتی رزگاریخوازیی کورد لە سەرەتای بیستەکاندا

پرسی کورد لەنێوان ١٩١٩-١٩٢٢ دا ببووە جێگای بایەخی وڵاتانی رۆژئاوا، وەک دیفاکتۆیەك خۆی بە سەریاندا سەپاندبوو، بەو پێیەش کە یەکێك بوو لەو پرسانەی لە دەرئەنجامی جەنگەکەدا دەرکەوتبوو. ئەمە جگە لەوەی پرسی کورد لە دەمەدەمی جەنگەکەدا چووبووە "قۆناغی نێودەوڵەتیبوون"ەوە و بۆ یەکەمین جاریش بەپێی بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان، ناوی کوردستان لە بەشێک لە خاکی پێشووی عوسمانیی نرا. بەڵام سەرهەڵدانی بزووتنەوەی نیشتیمانی تورکی و ئەو سەرکەوتنە سەربازیی، دیپلۆماتیی و سیاسییە خێرایانەی بەدەستی هێنا و بەتایبەتیش بەسەر یۆنانەکاندا، پاڵی بە وڵاتە گەورەکانەوە نا تا وردەوردە لە پشتیوانیی پرسی کورد دووربکەونەوە تاکتاك دەست بە رێکەوتن لەگەڵ حکومەتی ئەنقەرەدا بکەن.(شمو،٢٠٠٨: ١١)

بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد هەر لە سەرەتای ساڵانی بیستەکانی سەدەی بیستەم لە رەوشێکی چالاکدا بوو. هاوینی ساڵی ١٩٢٠خالید بەگ جبرانلی پەیوەندی بە سەید عەبدولقادر و عەبدولرەحمانی هەکاری، ئەندامانی کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستان لە ئەستەمبووڵ کرد. هەر لە رێگای ئەوانیشەوە لەگەڵ یوسف زیای ئەندامی ئەنجومەنی میللی مەزنی تورکیا و لایەنگرانی لەسەر خەباتکردن بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی بۆ کوردستان لە رێگەی کۆمەڵەی گەلانەوە رێککەوتن. لەو دەمەدا، لە ناوچەی دێرسیم لە کۆبوونەوەیەکی فراوانی نوێنەرانی زۆر لە خێڵە کوردەکانی جانبەگیان، کورمەشان و هیتر لە تەکیەی حسێن عەبدولا سوێندی هاوکارییان بۆ خەباتکردن لە پێناوی دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ، کە ویلایەتەکانی دیاربەکر، وان، بەدلیس، ئەلەزیگ، دێرسیم لەخۆبگرێت. لە ١٥ تشرینی دووەمی ١٩٢٠، سەید رەزا، دوای کۆبوونەوەیەکی سەرانی کورد لە دێرسیم و چەمشکەزەك، لەگەڵ هێزێکی گەورە دێرسیمیان گرت و ئینجا تێلیگرامێکی بۆ حکومەتی ئەنقەرە نارد، کە تیایدا سەبارەت بە داواکارییەکان لەبارەی جێبەجێکردنی قەوارەیەکی ئۆتۆنۆمی فیدراڵی بۆ کوردستان و بەردانی هەموو زیندانییە کوردەکان لە زیندانەکانی ئەلەزیگ، مەلاتیە، سیواس و ئەرزنجان؛ کێشانەوەی کاربەدەستانی تورك لەو ناوچانەی زۆرینەی دانیشتوانەکانیان کوردن و دەمودەست هەڵگرتنی گەمارۆی سەر ناوچەی کۆچگیری نوسیبووی. لە وەڵامی ئەمەدا حکومەتی ئەنقەرە شاندێکی بۆ ناوچەی ئەلەزیگ و دێرسیم نارد، کە رەوایی داواکارییەکانیان رایانگەیاند، بەڵام لە هەمانکاتدا ئامۆژگارییان کردبوون کە واز لە راپەرین بێنن.(شەرەفکەندی،١٩٩٥: ١٤٦)

بەڵام بەهۆی نەبوونی ناوەندێکی سەرکردایەتی و بەهێزیی دەوڵەتیش لە رووی چەك و جبەخانە و ژمارەوە، راپەرینەکە شکستی هێنا. بەڵام راپەرین لە ناوچەیەکی تر سەی هەڵدا و ئەوە بوو لە ناوچەی ماردین راپەرین بە رێبەری پیرزاد بەکر هەڵگیرسا، کە فەرماندەی یەکێك لە بەتالیۆنەکانی حەمیدییە بوو. لە سەرەتادا راپەرینەکە سەرکەوتنی بەدەست هێنا، کەمالیستەکان لە حوزەیرانی ١٩٢١ گفتوگۆیان لەگەڵ راپەریوەکاندا دەستپێکرد، و پیرزاد بەکر داواکارییەکانی خۆیانی پێشکەشکرد، کە لە پێشەوەیان ئۆتۆنۆمی بۆ ناوچە کوردییەکان، بردنەدەرەوەی لەشکر و کاربەدەستانی بەرێوەبەریتی تورك لە کوردستان. کەمالیستەکان یەکسەر بەربەرچیان نەدانەوە، و چاوەروانی دەرفەتی گونجاویان دەکرد، هەربۆیە درێژەیان بە وتووێژەکە دەدا، و تەنیا کاتێك راپەرینەکە پەرەیسەند و ناوچەی دێرسیمی گرتەوە، لە شوباتی ١٩٢٢ دا هێرشیان بۆ سەر بردن و شکستیان بە راپەرینەکە هێنا. تورکەکان بڕیاریاندا زۆر بێبەزەییانە هێرشی سەربازی بکەن و بە ئاگر و ئاسن کۆتایی بە راپەرینەکە بێنن. بۆ ئەم مەبەستە هێزێکی گەورەیان کۆکردەوە، تەنانەت بەشێکی هێزەکانیان لە بەرەی جەنگ لەگەڵ یۆنانەکاندا کێشایەوە. دوای سەرکوتکردنی راپەرینەکە دادگایەکی سەربازیی کتوپڕیان لە سیواس بۆ دادگاییکردنی ٤٠٠ کەس دروستکرد ژمارەیەك لەمانە لەسێدارە دران و بڕیاری لەسێدارەدانیش بۆ نزیکەی سەد کەسێکی تریش دەرکرا، لەوانە عەلی شێری پاڵەوانی راپەرینی دێرسیم بە رێبەری سەید رەزا لە کۆتایی سییەکاندا، بە بێئامادەبوونی خۆی.(Гасратян,1987: 138)

### ٢.٢ گۆڕینی سیاسەت بەرامبەر بە کورد، دوای راگەیاندنی کۆماری تورکیا

دوای ئەوەی کەمالیەکان، کە ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامە کۆنەکانی پارتی "ئیتیحاد و تەرەقی" تێدابوو، جێگەپێی خۆیان توندکرد، ١ تشرینی دووەمی ١٩٢٢ ئەنجومەنی میللی باڵای تورکیا بڕیاری لابردنی سوڵتانی دا. محەمەدی شەشەم، دوایەمین سوڵتانی عوسمانی، ١٧ تشرینی دووەمی ١٩٢٢ لە ئەستەمبووڵەوە بە سواری کەشتیەکی جەنگیی بەریتانی بەرەو ماڵتا هەڵهات. ٢٩ تشرینی دووەمی ١٩٢٣ ئەنجومەنی میللی مەزنی تورکیا یاسای راگەیاندنی کۆماری دەرکرد.

نەخشە و سیاسەتی نەتەوەپەرستیی کەمالیەکان، کە بۆ شۆڤێنیزمێکی توندرەو گۆڕدرابوو، لە باکوری کوردستان نارەزاییەکی زۆری دروستکرد. بزووتنەوەی کەمالی بەشێوەیەکی گشتی هەر لە رۆژانی یەکەمی سەرهەڵدانیەوە دوورِوویی و لایەنی دژبەیەکی هەبوو. لە لایەکەوە، ئاراستەیەکی دژە ئیمپریالیستی، رزگاریی نەتەوەیی هەبوو، لە لایەکی ترەوە- نەخشە و نیازی ژێراوژێری داگیرکەرانەی بەرامبەر گەلی کورد و گەلانی پشتقەفقاز بەگشتی هەبوو.

ئەو دابەشکارییە بیرۆکراتیانەی دەسەڵات بووە هۆی هەژانێکی میللی جدیی. ساڵی ١٩٢٤ ناسیونالیستە سیکولارەکانی کۆماری تورکیا دامەزراوەی سەرەکیی یەکێتی پانئیسلامی و خەلافەتیان، گۆڕی و دەوڵەتێکی سیکولاریان راگەیاند.(Киссинджер,2015: 151)

هەرچەندە لە هەندێك بڕگەی یەکەم دەستووری تورکیادا، کە ساڵی ١٩٢٤ ئەنجومەنی میللی تورکیا بڕیاری لەسەر دابوو، چەند لایەنێکی سەبارەت بە ئازادی کەسی و یەکسانیی تێدا بوو، وەك لە (بڕگەی ٦٨)دا، کە دەڵێت:"هەموو تورکێك بە ئازادی لەدایك دەبێت و بە ئازادیش دەژی.." یاخود لە (بڕگەی ٧٠)دا:"هەموو تورك لەبەردەم یاسادا یەکسانن..."، و حکومەتی نوێ دابینکەری"دەستدرێژیینەکردنە سەر کەسێتی تاك، ئازادی ویژدان و مافە سروشتیەکانی هەموو تورکێکە"(https://legalns.com/download/books/cons/turkey.pdf)، لەگەڵ ئەوەشدا کە هەست بە دەمارگیریی نەتەوەیی و سەرەتاکانی پرۆسەی تواندنەوە دەکرێت، بەڵام لە ٣ مارتی ١٩٢٤، لە رۆژی هەڵوەشاندنەوەی خەلافەتدا، حکومەتی کەمالی بەپێچەوانەوە، نەك تەنیا بڕیاری نەهێشتنی هەموو ئەو مافە گشتیی و ئازادییانە دەدات، وەك داخستنی تەکیە، حوجرە و خوێندنگە ئاینیەکانیەکان، بەڵکو قەدەغەکردنی هەموو خوێندنگە، یانە، و ئۆرگانی چاپەمەنی کوردی دەرکرد. نەخشەی بەتورککردنی دانیشتوانی باکوری رۆژئاوای کوردستان بە پراوپری لە (بڕگەکانی ٦٩، ٨٧ و ٨٨) یەکەم دەستووری تورکیادا دەرکەوتبوو. هەر بۆ نموونە لە مادەی ٨٨دا

دەڵێت: "هەموو دانیشتوانی تورکیا بەبێ جیاوازیی ئایینی و نەژاد گشتیان تورکن".(حەسرەتیان،٢٠٠٧: ٢٢-٢٣)

## ٣.٢ ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٢٥ بە ڕێبەریی شێخ سەعیدی پیران

لەگەڵ ئەوەشدا چەند ڕاپەڕینێك لە ناوچە جیاوازەکانی باکوری کوردستان دەستی پێکردبوو، بەڵام لە توانادا نەبوو ڕاپەڕینێکی گشتگیر ڕابگەیەنرێت، بەهۆی نەبوونی ڕێکخراوێکی سیاسی سەرتاسەری. لە کۆتایی ساڵی ١٩٢٢- سەرەتای ١٩٢٣ چەند دەستەیەکی نهێنی بە ڕێبەریی یوسف زیا و خالید بەگی جوبران، ئەندامانی ئەنجومەنی میللی مەزنی تورکیا "کۆمیتەی ئازادی کوردستان" یان دروستکرد. کۆمیتەکە زۆر بەخێرایی لقی لە شارەکانی کوردستان- ئامەد، بەدلیس، ئورفە، سییرت و خەرپوت دروستکرد. سەرکردەکانی کۆمیتەکە هەوڵیان بۆ بەدەستهێنانی پشتگیریی ڕۆشنبیر، بازرگان و ئەفسەران، نموونەی جەنەراڵ ئیحسان نوری پاشا، شێخە کوردە ناودارەکانی وەك شێخ سەعید، شێخ شەریفی پاڵو، شێخ عەبدوڵای میلکانی دەکێشا. کۆمیتەکە توانی شێخ سەعید بەلای خۆیدا ڕابکێشێت و لەسەر ڕێکخستنی ڕاپەڕینی داهاتووش گفتوگۆ بکەن. خالید بەگ و هاوڕێکانی دەستیان بە چالاککردنی پروپاگەندە بۆ بیری سەربەخۆیی کوردستان کرد. لە شارەکانی ڤارتۆ، کارلیۆڤا، مەلەزگەرت، بووڵانیخ و خینس بە مەبەستی ڕێکخستنی خەبات دژ بە بڕیارەکانی هەردوو کۆنگرەی ئەرزەڕۆم و سیواس. هەر زۆر زوو کورد لە نەخشە و سیاسیی دەسەڵاتدارانی نوێ گەیشتن، لەبەر ئەوە ڕازی نەبوون هاوکاریان بکەن و تەنانەت دان بەو کوردانەشدا بنێن، کە لە ئەنجومەنی میللی باڵای تورکیا لە ئەنقەرە ئەندام بوون.( Гасратян и др,1987: 119)

بەهاری ساڵی ١٩٢٤ یوسف زیا سەردانی خالد بەگی جبرانلی لە ئەرزەڕۆم کرد. لەو چاوپێکەوتنەدا بڕیاریان دا خێڵەکان بە یارمەتی شێخ مەحمودی حەفید و سمایل خانی سمکۆ چەکداربکەن، هەروەها پەیامی خۆیان لە ڕێگەی سوریاوە بۆ کۆمەڵەی گەلان بنێرن. دواتر یوسف زیا بە نامەیەکی خالید بەگەوە سەردانی شێخ سەعید لە شارۆچکەی کۆلیحەسار و زۆر ناوچەی تری کرد و بڕیاری سەرکردایەتی کۆمیتەی بۆ خێڵە کوردەکان ڕوونکردەوە. بێجگە لەوە، چەند مانگێك پێش دەستپێکردنی ڕاپەڕین عەلی ڕەزای کوڕی شێخ سەعید لە ڕێگەی ئامەدەوە سەردانی حەڵەبی کرد، بۆ ئەوەی ڕەزامەندیی کۆتایی ڕێکخستنی ڕاپەڕین لەگەڵ ڕێبەرانی تری کورد وەربگرێت. لە حەڵەب کۆنگرەیەك، بە ئامادەبوونی کوردی تورکیا، سوریا و عێراق ڕێکخرا و گفتوگۆ لەسەر بارودۆخی باکوری کوردستان کرا و بڕیاردرا، کە تەنیا لە ڕێگەی خەباتی چەکداریەوە دەتوانرێت مافی نەتەوەیی بۆ کورد دەستەبەربکرێت. کۆنگرەکە بڕیاری دا لە ٢١مارتی داهاتوودا ڕاپەڕینێکی سەرتاسەری لە کوردستانی تورکیا دەستپێبکرێت.( Гасратян и др,1987: 120)

لە کۆتایی ئابی ١٩٢٤ دا بڕیاریاندا پەیوەندی بەتورکە نەیارەکانی ڕژێمی کەمالییەوە بکرێت. بۆ ئەم مەبەستە یوسف زیا سەردانی ئەستەمبووڵی کرد، کاتێك دەسەڵاتدارانی تورك بەمەیان زانی، یوسف زیا و خالید بەگی جبرانلی، ڕێکخەری سەربازیی ڕاپەڕینەکە و چەندانی تریان گرت. بەم شێوەیە، هەر لە قۆناغی خۆئامادەکردن بۆ ڕاپەڕینەکە لە ڕێبەرە سەرەکیەکان، سەربازیی و سیاسییەکانی بێبەشکرا. هەر لەو کاتەدا شێخ سەعید دەستی بە کۆکردنەوەی هێز کرد، بەڵام بەو پێیەی دەسەڵاتدارانی تورکی ئاگایان لە پلانەکەی شێخ سەعید و کۆمیتەکە بوو، چاوەڕوانی دەرفەتێکی گونجاویان بۆ دەستوەشاندن و گرتنیان دەکرد.

شێخ سەعید، بەهۆی لەدەستدانی سەرکردایەتی ناوەندیی ڕاپەڕینەکەوە، ناچاربوو لە ١٤ شوباتی ساڵی ١٩٢٥ دا ڕاپەڕین ڕابگەیەنێت و دەرەخین بە پایتەختی کاتی کوردستان ڕاگەیەندرا. بزوتنەوەکە فراوان بوو، ڕاپەڕیوان خەرپوت و هەندێك ناوچەی تری ڕۆژهەڵاتی تورکیایان ڕزگارکرد. لە ماوەی سێ مانگدا هێزە چەکدارەکانی کورد سێیەکی خاکی کوردستانی بندەستی تورکیان ڕزگارکرد، و گەمارۆی ئامەدیان دا، هێزیان بۆ سەروو دەریاچەی وان و چیاکانی ئارارات، هەروەها بەرەو باشور بۆ بەدلیس ڕەوانەکرد. دەسەڵاتدارانی تورك لەگەڵ دەستپێکی ڕاپەڕینەکەدا خێرا بەخۆیان کەوتن و بڕیاریاندا بە هەموو هێزێك تێکی بشکێنن، لەبەرئەوە لەشکرێکی ٨٠ هەزار کەسییان بۆ لێدانی ڕاپەڕینەکە نارد.(شەرەفکەندی،١٩٩٥: ١٤٦)

بۆ کۆتایی مانگی مارت هێزەکانی حکومەت ئامادەیی تەواویان هەبوو پەلاماری ئەو ناوچانە بدەن، کە شۆڕشی تیا هەڵگیرسابوو. لەو کاتەدا جەنەراڵ کەمالەدین سامی پاشا سەرکردەی سوپای تورك، ڕایگەیاندبوو، کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، سێ ئەرك لە بەردەم حکومەتدایە: ١- جەنگێکی خوێناویی بێبەزەییانە بۆ سەرکوتکردنی شۆڕش، بۆ گەیشتن بەم ئامانجەش، سەرەتای نیسانی ١٩٢٥ی بۆ پەلامار دەستنیشان کردبوو؛ ٢- چەککردنی هەموو کوردەکان، بێ ڕەچاوکردنی ئەوەی بەشداریی لە شۆڕشدا کردووە یان نا؛ ٣ - کۆچپێکردنی کورد بۆ ناوچە جیاجیاکانی وڵات، بۆ ئەوەی ئەوان لە هیچ شوێنێك زۆرینە نەبن و ناردنی خەڵکی تورك بۆ ناوچە کوردییەکان.(حەسرەتیان،٢٠٠٧: ٢٥-٢٦)

ئەمە بێجگە لەوەی پاش ماوەیەکی کەم، بۆ دەربازبوون لەو دۆخە، دەرگایەکی تریش لە ڕووی تورکیا کرایەوە. ئەویش بەپێی پەیمانی ئەنقەرە (فرانکلین- بویۆن)، کە لە ٢٠ تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢١ لە نێوان تورکیا و فەرەنسا مۆرکرابوو و لەگەڵ ئەوەشدا، کە فەرەنسا لە کیلیکیا دەرچووبوو، سنورەکانی باشوری تورکیایش، لە باکوری عەین ڕوبا، ئورفە و ماردین تەسککردبووەوە، بەڵام تورکیا مافی ئەوەی هەبوو هێڵی شەمەندۆفەری حەڵەب - بەغدا بۆ گواستنەوەی لەشکرەکەی بەکاربێنێت. بەو پێیەش کە بۆ لەشکری تورك ئاسان نەبوو بۆ ناوچەکانی ڕاپەڕین بگات، لە ڕێگەی سوریاوە ٣٥ هەزار سەرباز بۆ ئامەد و خەرپوت ڕەوانەکران، کە توانیان لە نزیك ئامەد گەمارۆی هێزەکانی ڕاپەڕین بدەن و ڕێگای ڕۆژهەڵاتی دەریاچەیان لێ بگرن. هێزەکانی سوپای تورکیا، کە ژمارەیان ٨٠ هەزارێك دەبوو، توانیان هێزەکانی ڕاپەڕینەکە تێکبشکێنن و شێخ سەعید و هاوڕێکانیشی بگرن و بیاندەن بە دادگا، کە بۆ ئەم مەبەستە بەناوی دادگای سەربەخۆیی"ئیستیقلال" وە دروستکرابوو. کەمالیستەکان هەر بە تێکشکاندنی ڕاپەڕینەڕکە نەوەستان، بەڵکو ڕاپەڕینەکەیان بۆ ئەوە بەکارهێنا، کە بۆ تا هەتاهەتایە کۆتایی بە بزووتنەوە ڕزگاریی کوردی بێنن. هەر بۆیە تەنانەت ئەو کوردانەیشیان دەگرت، کە هیچ پەیوەندیەکیان بە ڕاپەڕینەکەوە نەبوو، وەك سەید عەبدولقادر و کوڕەکەی و زۆری تر. بەم شێوەیە، ٢٩ تەموزی ١٩٢٥ دادگای "سەربەخۆیی" لە ئامەد بڕیاری لەسەر ٤٧ کەس لە بەشداربووانی ڕاپەڕین دەرکرد و سزای لەسێدارەدانی بەسەردا دان، یەکسەر ڕۆژی دوای دەرچوونی فەرمانەکە، ٥٢ کەس بە خودی شێخ سەعیدەوە لە سێدارەدران، کە پێش لە سێدارەدانی وتی:"من هیچ بەداخەوە نیم، کە خۆم بە قوربانی گەلەکەم دەکەم. ئێمە بەوە دڵمان خۆشە، کە وەچەکانمان لە بەرامبەر دوژمندا بە هۆی ئێمەوە شەرم نایان گرێت".( Гасратян и др,1987: 128)

جەواهر لال نەهرۆ لە باسی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٢٥ و ڕەفتاری ڕژێمەکەی مستەفا کەمالدا دەڵێت:"کاتێك مستەفا کەمال ڕایگەیاند، کە بەریتانیا پاڵنەری ڕاپەڕینی کوردە، وای لە ئەنجومەنی میللی کرد، قانونێك دەربکات و تۆمەتی ناپاکی باڵا بخاتە پاڵ

هەر کەسێکەوە، کە ئایین وەك ئامراز بۆ بزواندنی هەستی نەتەوەیی بەکاربێنێت، ئینجا بە قسە بێت، یان بڵاوکردنەوە، بەو پێیەش ئەوپەڕی سزای بەسەردا دەسەپێنرێت و لە هەمان کاتیشدا فێرکردنی ئەو باوەڕە ئایینیانە لە مزگەوت قەدەغەکرا، کە گوایە دژایەتی بۆ کۆمار تێدا بێت. دوای ئەمە مستەفا کەمال بێبەزەییانە کوردی سەرکوت کرد، دادگای "ئیستیقلال" تایبەت بە دادگاییکردنی هەزاران دروستکرد و هەردوو سەرکردە شێخ سەعید و دکتۆر فوئاد و زۆری تریشیان لە سێدارە دا، بێ ئەوەی دەستبەرداری ئاواتی سەربەخۆیی کوردستان بن. ئا بەم شێوەیە دەبینین، کە ئەو تورکانەی لەم دواییانەدا خەباتیان بۆ ئازادی خۆیان دەکرد، چۆن کوردیان دادەپڵۆسی، لەبەرئەوەی داوای مافی خۆیان دەکرد. چەند سەیرە خەباتی نەتەوەیی لە داکۆکیکردن لە نیشتیمانەوە بۆ زەوتکردنی ئازادی خەڵکی تر بگۆڕێت".(نەهرو،١٩٨٣: ٢٤٩- ٢٦٠)

ڕژێمی کەمالیستەکان لە پروپاگەندەی بۆ تاوانبارکردن و ناشیرینکردنی ڕووی بەشداربووانی ڕاپەڕینەکەدا کەمتەرخەمی نەکرد. لە ڕاگەیاندنەکاندا وڵاتانی دەرەوە بە ڕێکخستنی ڕاپەڕینەکە، بە دژایەتیکردنی پانتورکیزم گوناهباردەکران، ناوونا تۆرەی بەکرێگیراو و دەسکەلای بێگانە، بەتایبەتی بەریتانیا و تەنانەت یەکێتی سۆڤێتی دۆست و هاوپەیمانیشیان، دەخستە پاڵ بەشداربووانی ڕاپەڕینەکە؛ گوایە ئەو وڵاتانە بەنیازن تورکیا پارچەپارچە بکەن و ڕێگە لە چەسپاندنی دەسەڵات و یاسا دەگرن. لە هەمان کاتیشدا، لە دەرەوە تێرمینۆلۆجیەکی تریان بەکاردەهێنا: شێخ سەعید و هاوڕێکانیان بە کۆنەپەرست، دەمارگیری ئایینی ناودەبرد. لەلایەکی تریشەوە، پروپاگەندەی ئەوەیان دەکرد، کە ئامانجی ڕاپەڕینەکە گێڕانەوەی سوڵتانە. تەنانەت سەرۆکی دادگای سەربەخۆیی لە ئەنقەرە ڕاگەیاندنێکی سەبارەت بەوە بڵاوکردەوە، کە گوایە سوڵتان هەڵگیرسێنەری سەرەکی ڕاپەڕینەکەیە، و دەیەوێت لەم ڕێگەیەوە بۆ سەر تەخت بگەڕێتەوە و خەلافەتی عوسمانی زیندووبکاتەوە، ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان دابین بکات و پایتەخت لە ئەنقەرەوە بۆ ئەستەمبووڵ بگێڕێتەوە.(زنار سلوپي،١٩٩٧: ١٠٣-١٠٤)

بەڵام سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی ١٩٢٥ و سیاسەتی شۆڤێنیانەی ڕژێمی کۆماریی هیچ کوردی چاوترسێن نەکرد و ئاستەنگی لەبەردەم ڕاپەڕین و سەرهەڵدانی نوێدا دروستنەکرد و کوردانی خێڵی جەلالی بە ڕێبەری بەرخۆ ساڵی ١٩٢٦دا دەستیان بە ڕاپەڕین کرد. بەدوای ئەواندا، لە ئایاری ١٩٢٧ دا کوردانی ناوچەی چیاکانی ساسون، باشوری ڕۆژئاوای شاری موش، بە ڕێبەری مەحمود عەلی یونس ڕاپەڕین. توانرا ئەم ڕاپەڕینە لە ناوەڕاستی حوزەیراندا سەرکوتبکرێت، ئەویش زۆر بە ئاسانی نەکرا. لە کۆتایی ئابدا خێڵەکانی مۆتکان و ڕۆژکان لە ناوچەی بەدلیس، هێرشیان بۆ سەر بەدلیس برد و هێڵی تێلیگرافی ڕێگای بەدلیس و ئامەدیان بڕی. لە هەمان کاتدا پشێوی لەناو کوردی ناوچەی ئەرجیش، لە باکوری دەریاچەی وان دروستبوو. هێزەکانی سوپای تورکی، بە مەبەستی ترساندن دوو کەلەسەریان بە بێ لاشە لە گۆڕەپانی شاری ئەرجیشدا هەڵواسی.(ئەفراسیاو هەورامی،٢٠٠٣: ١٤٤)

لە ئەیلول- تشرینی یەکەمی ١٩٢٧دا ڕاپەڕیوان سەربازە هەواڵگرییەکانی سەر ڕێگای ئیمەجە- ئەرزەڕۆمیان چەککرد و هێرشیان بۆ سەر شارۆچکەی سۆگیوتلی برد. زانیاری لەسەر جووڵەی کوردی ناوچەکانی باشوری ئەرزەڕۆم، دێرسیم، پاڵو، هەروەها مەڵەزگرت هەبوو. ڕووداوی گەورە لە ناوچەی ئیگدیر- بایەزید، سنوری ئێران ڕوویدا. لەم ناوچەیە چەند دەستەیەك ڕێکخرا، کە ٨ هەزار دەبوو. ئەم هێزە لە سەرەتادا خەباتێکی زۆر سەرکەوتوو و شێلگیرانەی دژ بە هێزە نیزامیە تورکەکان دەکرد. شێخ قادر و حەسۆ برۆ تێللی، ئیحسان نوری پاشا، ئەیوب ئاغا، عەلی میرزا شەمشەدینسکی، لە کوردانی پشتقەفقاز و هیتر ڕێبەرایەتی ڕاپەڕینەکەیان دەکرد.

پەیوەندی خزمایەتی لە نێوان بەشداربووانی ڕاپەڕینەکە و هەموو خێڵەکانی ناوچەکە و ناڕاستەوخۆش خانەکانی ماکۆدا هەبوو.(Заря Востока,1929.4.19)

## ٤.٢ ڕاپەڕینی ئارارت(ئاگری) ساڵانی ١٩٢٧ - ١٩٣٠

دوای شکستهێنانی ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٢٥ بە ڕێبەری شێخ سەعید، ئەو کوردانەی لە دەست زوڵموزۆری دەسەڵاتدارانی تورك، کە پەنایان بۆ وڵاتانی ئەوروپی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەك سوریا و میسر بردبوو، لەگەڵ ئەو کەسانەی تردا، کە هێشتا لە سنورەکانی باکوری کوردستاندا بوون، لە ساڵی ١٩٢٦ دا بە مەبەستی ڕێکخستنی چالاکی گروپە کوردیە سیاسییە جیاوازەکان، سەرانی خێڵەکان، کەسانی ناوداری ناو کۆمەڵگەی کوردی و ئامادەکردنی ڕاپەڕینی نوێ، خۆیان بۆ بەستنی کۆنگرەی گەلی کورد ئامادەکرد. دوای وتووێژێکی دوورودرێژ، لە ئابی ساڵی ١٩٢٧دا لە ناوچەیەکی دوور لە دەستی دەوڵەتی تورکیا، نوێنەرانی "کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستان"، "کۆمەڵەی کۆمەڵایەتی کوردی"، "کۆمیتەی ئازادی کوردستان" و کەسانی ناوداری کوردی بەشداری کۆنگرەکەیان کرد، کە ٤٥ ڕۆژی خایاند. یەکەم کۆنگرەی دامەزراندنی کۆمەڵەی "خۆیبوون" لە ئابی ١٩٢٧ دا لە هاوینەهەواری بەحمدونی لوبنان بەسترا.(بلەج شێرکۆ،١٩٩٠: ١٩٠) لەو کۆنگرەیەدا ڕێبەری پارتی "داشناك"ی ئەرمەنی وەهات پاپازیان ئامادەبوو. لە کۆنگرەکەدا کۆمەڵێك بڕیاری گرنگ درا، وەك: ١- هەڵوەشاندنەوەی هەموو پارت و ڕێکخراوە کوردییەکان و دامەزراندنی پارتێکی گەورە بە ناوی "خۆیبوون"؛ درێژەدان بە خەبات دژ بە دەوڵەتی تورکیا تا دەرکردنی دوایەمین سەربازی تورك لە خاکی کوردستان؛ ٣- دەستپێکردن بە ڕاپەڕینێکی سەرتاسەری، بەو مەرجەی: ئا- دروستکردنی فەرماندەییەکی سەرەکی بۆ هەموو هێزە نیشتیمانپەروەرە کوردیەکان؛ بێ- ڕێکخستنی هەموو هێزە چەکدارییەکان لەسەر شێوەی سەربازی و چەکدارکردنیان بە نوێترین چەك؛ ج- دروستکردنی ناوەندێکی گشتی و سەرکردایەتیەکی باڵا لە یەکێك لە ناوچە چیاییەکانی کوردستاندا؛ ٤- دروستکردنی پەیوەندی دۆستانە و درێژخایەن لەگەڵ حکومەتەکانی ئێران و سوریا، ڕێزگرتنی ئەو مافانەی کە گەلی کورد لە سایەی ڕژێمی مەنداتدا یاخود ڕێکەوتنە نێونەتەوەییەکاندا بەدەستی هێناوە و داوانەکردنی مافی سیاسی تر لە حکومەتی ئەو دوو وڵاتە.

بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی لە نێوان گەلی کورد و ئەرمەندا، بە باش زانرا گفتوگۆ لەگەڵ پارتی داشناك بکرێت. ئەگەرچی دەسەڵاتدارانی یەکێتی سۆڤێت، ئەم نزیکبوونەوەیان، وەك هاوپەیمانیەکی دژ بە خۆیان دادەنا، تەنیا لەبەر ئەو هۆیەی، کە پارتی داشناك دژ بە ڕژێمی سۆڤێتی بوو. هەرچەندە هاوکاریی نێوان بزووتنەوەی ڕزگارییخوازیی کوردستان و پارتی داشناك شتێکی نوێ نەبوو، ڕەگی بۆ کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم دەگەڕایەوە. لە ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی نۆزدەیەم ڕێبەرانی داشناك لە جنێڤ چاویان بە عەبدولڕەحمان بەدرخان کەوتووە و لەسەر ئەگەری یەکخستنی خەباتی کورد و ئەرمەن گفتوگۆیان لەگەڵدا کردووە. تەنانەت هەر بۆ ئەو مەبەستە، عەبدولڕەحمان بەدرخان وتارێکی بە کوردی و بە گرافیکی عەرەبی لەسەر نزیکبوونەوەی کورد و ئەرمەن لە "تروشلو- ئاڵا"دا نوسیووە.(أمیر، ب. س،: ١٨)

ئیحسان نوری پاشا ساڵی ١٩٢٧ دا وەك نوێنەری شۆڕشگێڕانی ئاگری(ئارارات) لە کۆنگرەکەی "خۆیبوون"دا بەشداریکرد، و هەر لەوێش ئەرکی دامەزراندنی ناوەندێکی خەباتی چەکداری پێ سپێردرا. بەو پێیەی زۆر شارەزای ناوچەی ئارارات بوو، لە ڕووی جوگرافی و تۆپۆگرافیەوە بە شوێنێکی ستراتیژی دادەنا، چیاکانی ئاگری بۆ جێگەی دامەزراندنی ناوەند هەڵبژارد. ئەگەرچی لە هەڵبژاردنی چیاکانی ئاراراتدا

ڕەچاوی پشتیوانیکردنی ئەرمەنە داشناکەکانیش کرابوو، چونکە بە بۆچوونی ئەوان چیاکانی ئارارات، کە لەسەر سنوری ئەرمینیا بوو، هەر لەوێشەوە ساڵی ١٩٢٠دا شناکەکان ڕاونرابوون، کە دەیانویست خەبات بۆ ڕزگاریی بکەن. لە لایەکی ترەوە، ئارارات لەسەر سنوری ئێران بوو، هەر خودی ئاراراتی بچوك لەناو ئێراندا بوو. ئێران لەو ڕۆژگارەدا و بەتایبەتی تەوریز ناوەندی سەرەکی خەباتی داشناك بوو، هەر لەوێشەوە یارمەتی سەربازی بۆ شۆڕشگێڕانی ئارارات دەچوو.(شەرەفکەندی،١٩٩٥: ١٥١-١٥٢)

هەر بەم شێوەیە، پارتی داشناك ساڵی ١٩٢٨، بە مەبەستی ناردنی یارمەتی و هاوکاری ڕاپەڕینی ئاگری، نوێنەری خۆیان ئارداش ئەلەشگیریان لە تەوریزەوە بۆ چیاکانی ئارارات ڕەوانەکرد. بەڵام لەوێ کەوتە بەردەستی سەربازە ڕوسەکان، ڕەوانەی ئێریڤانیان کرد و دواتر بۆ تفلیس و لەوێ بێسەروشوێن مایەوە.(شەرەفکەندی،١٥٢:١٩٩٥)

ئینگلیزەکانیش بەرامبەر بەم ڕاپەڕینە دەستەوسان نەوەستان و هەوڵیاندەدا، وەك کێشەی موسڵ، بۆ مەبەستی خۆیان لە چارەسەرکردنی کێشەکانیان لەگەڵ تورکیادا، کۆمەڵەی خۆیبوونیش بەکاربێنن. لەبەر ئەمە هیچ جۆرە یارمەتیەکی گەلی کوردیان نەدا، بەڵکو کاتێك کێشەکانیان لەگەڵ حکومەتی تورکیدا چارەسەرکرد، بە تەواوی کۆمەڵەی خۆیبوونیان قەدەغەکرد. بە سوودوەرگرتن لەو هاوکارییەی نێوان خۆیبوون و داشناك، هەر شتێك لە کوردستان ڕووی بدایە، دەیانوت کە ئینگلیزەکان لە پشتیەوەن. یەکێتی سۆڤێتیش نەك هەر باوەڕی بەو پروپاگەندانە دەکرد، بەڵکو چاوپشی لە ئاست ئەو تاوانانەدا دەنوقاند، کە ڕژێمی تورکی لە کوردستاندا ئەنجامی دەدا. (گەورانی،٢٠٠٠: ٢٩٤)

وردەوردە، لەگەڵ بەهێزکردنی پێگە و پتەوکردنی ڕێکخستنی ناوچەکانی چالاکی ڕاپەڕیوانی ئارارات، ڕاپەڕیوانی کورد سنوری دەسەڵاتیان فراوانکرد. پەرەسەندنێکی لەو جۆرە، نیگەرانی دەسەڵاتدارانی تورکی گەورەتر کرد و پاڵی پێوەنان بیر لە گفتوگۆ بکەنەوە، بەڵام هیچ ئاکامێکیان دەستنەکەوت. ڕاپەڕیوانی کورد بە شێوەیەکی نوێ درێژەیان بە خەباتەکەیان دا. لە ١٣ حوزەیرانی ١٩٣٠ بۆ ماوەی چەند هەفتەیەك شەڕی زۆر قورس کرا و هێزەکانی حکومەت شکستیان پێهات. هێزەکانی ڕاپەڕین توانیان ٢٠٠٠ لە دوژمن بە دیل بگرن، ٦٠ مەترەلۆز و ٢٤ تۆپیان دەستکەوت و ١٢ فڕۆکەیشیان بەردایەوە. بەڵام، لەگەڵ ئەوەشدا هێزەکانی حکومەت، بە یارمەتی فڕۆکەی جەنگیی، توانیان لە هەمان مانگدا تەنگ بە هێزەکانی ڕاپەڕین هەڵبچنن و ناچاریان بکەن بەرەو ناوچە چیاییەکانی سنوری تورکیا- ئێران هەڵبێن. لەم کاتە ناسکەدا ئێران یارمەتیەکی زۆری هێزەکانی تورکیای دا؛ ئێران ڕێگەی بە سوپای تورك دا بەناو سنوری ئێران بڕوات و لە پشتەوە سوپای هەردوولا هێرشیان بۆ سەر هێزە چەکدارییەکانی کورد برد.

حکومەتی ئێران لە سەرەتادا هەڵوێستێکی تری هەبوو. بەهۆی ئەوەی ئینگلیزەکان لە هاتنەسەرتەختی دەسەڵات لە ساڵی ١٩٢١یارمەتی ڕەزای شای دابوو، پەیوەندیەکی بەتین لە نێوانیاندا هەبوو. هەر لەبەر ئەوە دەسەڵاتدارانی ئێران چاوپۆشیان لە بوونی ئەرمەنە داشناکەکانی دۆستی بەریتانیا و کوردی دۆستی ئەرمەن دەکرد، ئەمەش بۆ تورکیا مایەی نیگەرانی بوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا حکومەتی ئێران و تورکیا دەستیان بە وتوویژ کرد و وەك چاوەڕوانیش دەکرا بە سەرکەوتوویی کۆتاییهات. لە ئاکامی ئەم ڕێکەوتنەدا لە لە کۆتایی ئەیلولدا هێزەکانی تورکیا بۆ ناو ئێران چوون و لە لای پشتەوە گەمارۆی هێزەکانی ڕاپەڕینیان دا. ڕەزا شا، نەك هەر ئەو هاریکارییە کەمەی لە کوردەکان بڕی، بەڵکو هێزیشی بۆ گرتنی ڕێگاوبانەکان نارد بۆ ئەوەی ڕێگە لە ئەگەری پەڕینەوەی سنور بۆ ناو خاکی ئێران لە ڕاپەڕیوانی کورد بگرن، یەکێتی سۆڤێتیش سنورەکانی خۆی زۆر بە توندی لە ڕووی کورددا داخستبوو. لە کۆتاییدا، لە ٢٣ حوزەیرانی ساڵی ١٩٣٠ دا ئێران بەیەکجارەکی دەستبەرداری ئاراراتی بچوك بۆ تورکیا بوو، لە بەرامبەردا ناوچەی خوارووتری دەستکەوت.(شەرەفکەندی،١٩٩٥: ١٥٦)

حکومەتی تورکیاش لە بەرامبەردا، لەسەر گفتوگۆ لەسەر پرسی سنور، لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئێرانی ڕێکەوت: تورکیا لە بەرامبەر ناوچەکانی باکور و ڕۆژهەڵاتی چیاکانی ئاگری، کە ڕێگای لەبەردەم هێرشکردن بۆ سەر بنکەکانی ڕاپەڕینەکە دەرکردەوە، دەستبەرداری ناوچە سنورییەکان بۆ ئێران دەبێت. لە ئاکامی ئەم سازشکردنەدا، هێزەکانی سوپای تورکیا توانیان گەمارۆی هێزەکانی ڕاپەڕینی کورد بدەن. دەسەڵاتدارانی تورك، لەگەڵ ئەوەشدا، کە نزیکەی ١٠٠ هەزار سەرباز و پتر لە ١٠٠ فڕۆکەی جەنگیی بۆ تێکشکاندنی ڕاپەڕینەکە ناردبوو، بەڵام نەیانتوانی بە بێ هاریکاریی وڵاتانی دراوسێ، بەو ئاکامە بگەن کە پێی گەیشتن. (زنار سلوبی،١٩٩٧: ١٥١)

دوا یەمین هێرشی هێزەکانی تورکیا لە ١٦ تەموزدا لە باکورەوە بوو. دوای ٣ ڕۆژ بەرزاییەکانی سەردار- بوولاغی، نێوان ئاراراتی بچوك و مەزنیان گرت، ئەمە بووە هۆی داخستنی تاکە ڕێگەی پاشەکشەی ڕاپەڕیوانی کورد، هەربۆیە ناچاربوون لە ناوچەی جیاوازدا بڵاوە بکەن. بەم جۆرە، ڕاپەڕینی ئارارات(ئاگری) سەرکوتکرا و لە خوێندا گەوزێنرا. سوپای تورك پتر لە ٢٠٠ گوند و ئاوایی کوردی وێرانکرد و، چەند هەزارێك ڕاپەڕیوی کوردی لەناوبرد. ژمارەی کوژراوان، بە خێزان و مناڵەوە ١٠-١٥ هەزارێك بوو. بێجگە لەوەی لە دادگای ئەدەنەش، کە ئایاری ١٩٣٢ دا دامەزرا، تایبەت بەوانەی لە ناوچەی ئاراراتدا بەدیل گیرابوون، فەرمانی لەسێدارەدان بۆ ٣٠ کەس، و زیندانیی ٥٨ دەرکرد. ( Гасратян,1990: 168)

لەگەڵ ئەوەشدا ڕاپەڕینی ئارارات سەرنەکەوت، بەڵام بۆ خۆی بەڵگەیەکی دیار و ئاشکرای هەراشبوون و پێگەیشتنی هوشیاریی نەتەوەیی کورد بوو، لەگەڵ پەیدابوونی هێزی سیاسیی ڕێکخەر و پلاندانەری ڕاپەڕیندا، ڕۆڵی کەسایەتیی ئایینی و شێخەکان بۆ یەکەمجار لە مێژووی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کورددا، زۆر سنوردار بوو.

### ٥.٢ هەڵوێستی سۆڤێت بەرامبەر بە خەباتی کورد لە بیستەکاندا

حکومەتی سۆڤێتی لەوانەیە لە سەرەتادا کەمێك هەڵوێستی دۆستانەی بەرامبەر دۆزی کورد لە تورکیادا هەبووبێت، بەتایبەتیش کاتێك لینین هێشتا شتێکی هەر بەدەستەوە مابوو. ئەمەش دەتوانین بەپێی ئەو هەڵوێستە هەڵبسەنگێنین، کە وەزیری دەرەوەی ڕوسیای سۆڤێتی لە حوزەیرانی ١٩٢٠دا بە نامە بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی تورکیا مستەفا کەمالی نووسیبوو:"حکومەتی سۆڤێتی لایەنی پرنسیپەکانی سیاسەتی دەرەوەی حکومەتی تورکی تازەپێگەیشتوو دەگرێت، بەتایبەتیش دانی ماف بە کەمایەتیە نەتەوەییەکان و لەناویاندا نەتەوەی کورد لە ڕێگەی ڕیفراندۆمی گشتی سەربەخۆوە، کە مافی چارەی خۆنووسین بەدەستبهێنێت". (فؤاد ساکو،٤٥:١٩٨٧)

بەڵام یەکێتی سۆڤێت لە دوای مۆرکردنی ڕێکەوتن لەگەڵ تورکیا و ئێران ساڵی ١٩٢١، بەهیچ شێوەیەك ئامادەی پشتیوانیکردن و هاوکاریکردنی بزووتنەوە ڕزگارییخوازیی کورد نەبوو. هەڵوێستی حکومەتی سۆڤێتی سەبارەت بە پرسی کوردی پرۆتورکی و دژەکوردانە بوو، ئەمەش بە ئاشکرا لە دوو توێی چاپەمەنیەکانی بیستەکان

و سییەکانی سەدەی بیستەمدا بەدی دەکرێت. هەر بۆ نموونە، لە بارەی هۆکانی سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٢٥ بە ڕێبەریی شێخ سەعید، لە ڕۆژنامەی"پراڤدا" لە ٢٦ شوباتی ١٩٢٥ دا، جەخت لەسەر ئەوە کرابوو، کە "ڕاپەڕینەکە ئاڕاستەیەکی کۆنەپەرستانەی هەیە و ئامانجی دژایەتی و تێکشکاندنی بزووتنەوە ناسیونالیستی-شۆڕشگێڕی تورکیا بەپشتیوانیی وڵاتانی ڕۆژئاوایە. باس لە پەیوەندی نێوان فاکتەری ئایینی و ناوچەکانی سەرهەڵدانی ڕاپەڕینەکە کرابوو: ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی تورکیا- کە گردبوونەوەی توێژی کۆنپارێزی گروپە دەرەبەگ و فیوداڵەکان ڕۆڵی گەورەی هەبوو. هەر بۆ ئەمانیش زۆر ئاسان بوو، مێشکی توێژە نەخوێنەوارەکانی کۆمەڵگە، لە جوتیاران و کۆچەرییەکان قۆرخ بکەن. هەروەها باس لە ڕۆڵی بەریتانیا، لە ڕێگەی موسڵەوە کرابوو، بەو پێیەی ڕاپەڕینەکە لە ناوچەکانی سەر سنوری عێراق دەستپێکردووە و گوایە دەوڵەتی نوێی تورکیا، "بەرهەمی" بزووتنەوەیەکی ڕزگارییخوازیی بووە و، ئینگلیزەکانیش بە نیازی سەرکوتکردنی ئەو بزووتنەوە "پێشکەوتنخوازە" ڕاپەڕینی لە ناوچە ڕۆژهەڵاتیەکانی تورکیا ڕێکخستووە. هەروەها وڵاتانی ڕۆژئاوا، لە سیاسەتی پرۆتورکی یەکێتی سۆڤێتدا ئەوە دەبینن، کە ڕوسیای سۆڤێتی هەوڵ بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی لە قەفقاز و سڕینەوەی تەواوی ڕۆڵی تورکیا دەدات، و بەمەش دەیانەوێت درز لە نێوان یەکێتی سۆڤێت و تورکیا دروستبکەن. وەکو گروپی چەتە و ڕێگریش تەماشای بەشداربووانی ڕاپەڕینەکە، دژ بە ڕژێمی نوێ و سیاسیی مستەفا کەمالیان دەکرد، هەر بۆیە پێشنیاری ئەوەشیان دەکرد، کە دەبێت بێبەزەییانە وەك دوژمنانی شۆڕش سەریان پانبکرێتەوە.( هەورامی،٢٠٠٣: ١٢٢-١٢٣ و ١٢٧-١٢٨)

توێژەرانی مێژووناسی سۆڤێتی، کە باسی ئەو قۆناغە دەکەن، زۆرتر لەژێر کاریگەریی ئایدیۆلۆژیای پارتی کۆمۆنیستی سۆڤێت و پابەندی ئەو سنوورانە بوون، کە بۆیان دانرابوو، هەر بۆیە، کاتێك باسی ڕاپەڕین و جووڵانەوەکانی کوردیان لەو ماوەیەدا دەکرد، مۆرکێکی کۆنەپەرستانە و بەکرێگیراوانەیان پێ دەدان. ئەمە جیا لەوەی سەرچاوەی زانیارییەکانیشیان، ئەو هەواڵ و بڵاوکراوانە بوون، کە حکومەتی کەمالیی بڵاویان دەکردنەوە.

لە ڕۆژنامەی"زاریا ڤۆستۆکا" لە ٤ نیسانی ١٩٢٥ یشدا، جەخت لەسەر ئەوە کرابووەوە، کە ئایدیۆلۆجیای ئایینی- ئەرگومێنتی سیاسیی ڕاپەڕیوانی کورد بوو، هەروەها هاتنەسەرتەختی عیسمەت پاشا کۆتایی بە "یاریەکانی" سەرمایەی بێگانە دەهێنێت. بێجگە لەوەی، حکومەتی سۆڤێتی نەیدەتوانی چاو لە ئاست هاوکارییکردنی نێوان ڕاپەڕینی ئارارات و داشناکە ئەرمەنیەکان بنوقێنێت. لە گەرمەی ڕاپەڕینی ئارارات ساڵی ١٩٣٠ دەسەڵاتدارانی سۆڤێتی سەرقاڵی ڕاونان و سەرکوتکردنی چالاکەکانی بزووتنەوە ناسیونالیستی لە ئەرمینیای سۆڤێتی بوون، سنورەکانیان لەگەڵ تورکیادا، لە ناوچەی ڕوباری ئاراس، داخستبوو و بەهیچ شێوەیەك بواری پێگەیشتنی هیچ جۆرە یارمەتیەك لە کورد و ئەرمەنەکانی سۆڤێت بۆ ڕاپەڕیوانی ئارارات نەدەدا.(شەرەفکەندی،١٩٩٥: ١٥٣)

بێجگە لە پەیوەندی دۆستانەی یەکێتی سۆڤێت لەگەل ئێران و تورکیا، هاوکاریی و هاوپەیمانی نێوان ڕێکخراوە کوردییەکان و پارتی داشناکی ئەرمەنی، یەکێتی سۆڤێت هۆیەکی تریشی بۆ دژایەتیکردنی ڕاپەڕینی کوردی هەبوو، کە لە نزیك سنورەکانی باشوری سەریهەڵدابوو. ئەویش ئەو بایەخە بوو، کە ئینتەرناسیونالی دووەم، کە لە ڕێگەی ئەرمەنە داشناکەکانەوە بە ڕاپەڕینی کوردی دابوو. سەبارەت بەمە توێژەری ئازەربایجانی ئا. بوکشپان لە کتێبەکەیدا"کوردەکانی ئازەربایجان" دەنوسێت:"تەنانەت دوژمنە چینایەتیەکانیشمان لە ئینتەرناسیونالی دووم ناتوانن دان بەمەدا نەنێن. ئەمە زۆر بە ڕوونی، لە کاتی گفتوگۆکردندا لەسەر پرسی کوردی بە پێی وتاری ئا. جەمالیان، نوێنەری پارتی داشناك دەردەکەوت، کە لە پلێنومی کۆمیتەی جێبەجێکردنی ئینتەرناسیونالی دوومدا، کە لە ٢٠-٢٥ ئابی ١٩٣٠ لە زیوریخ بەسترا. ئاشکرایە، کە پارتی داشناك وا چەند ساڵێکە، بە پێی ئەو سەرپشکیەی لە کۆمەڵەی خۆیبوونەوە لە لایەن شێخ و فیۆداڵە کوردەکانەوە پێی درابوو، ڕۆڵی ناوبژیوان و "پارێزەری کورد" دەبینی".( Букщпан,1932: 89)

هەڵوێستی یەکێتی سۆڤێت بەرامبەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی لەسەر ڕادەی دژایەتیکردنی نێوان یەکێتی سۆڤێت و ڕۆژئاوا دەستنیشاندەکرا. لەو دەمەدا لە مۆسکۆ، وەك هەوڵدان بۆ شێواندنی بارودۆخی ناوچە سنورییەکانی باشوری یەکێتی سۆڤێت و هەروەها زیانگەیاندن بە هەردوو حکومەتی"دژە ئیمپریالیستی" ئێران و تورکیا، تەماشای خەباتی گەلی کورد لە پێناوی بەدیهێنانی مافە نەتەوەکانیان دەکرد. ئەوەش، کە لە مۆسکۆ وەك بەشێك لە نەخشە و پلانی ڕۆژئاوا تەماشای پرسی کوردییان دەکرد، دواتر، ئا. بوکشپان ڕوونی دەکاتەوە:"ئیمپریالیزمی ئینگلیزی سەرقاڵی ئامادەکردنی پەلامارێك بۆ سەر وڵاتی سۆڤێتە، لە کاتێکدا یەکێك لە بنکەکانی ئەم پەلامارە بۆ داگیرکردنی پشتقەفقاز و داپچڕینی لە یەکێتی سۆڤێت، دەبێت ئەو"کوردستانە سەربەخۆیە" بێت، کە دەمێکە نەخشێنراوە، و لە ڕۆژگاری ئێستاش بە تایبەتمەندییەکی زۆرەوە ستافێکی ئینگلیزی دەیبزوێنێت".(Букщпан,1932: 89)

شوکری کایا، وەزیری دەرەوەی تورکیا لە گفتوگۆیەکیدا لە ١٣ کانونی دووەمی ساڵی ١٩٢٥ لەگەڵ سوریتس، نوێنەری بڕواپێکراوی یەکێتی سۆڤێت لە تورکیا دەڵێت:"هەفتەیەك لەمەوپێش سمکۆ لە سنوری ئێران پەڕیوەتەوە. ئەم کارە دەستی ئینگلیزی تێدایە، ئینگلیزەکان، بە مەبەستی ئابڵوقەدان و گۆشەگیرکردنی شێخ مەحمود سەرقاڵی ئامادەکردنی کارێکن لە کوردستان. من لەو باوەڕەدام، کە ئەمە هەڕەشە بۆ ئێمەش و بۆ ئێوەش دروست دەکات". نوێنەرەکەی سۆڤێتیش لە وەڵامدا ئاماژە بەوە دەدات، کە لە دیداری پێشوویاندا وتوویەتی:"بۆچوونی خۆمانم لەسەر پرسی کورد، هەروەها مەترسی دەستوەردانی ئینگلیزەکان لە کوردستان پەیوەست بەو کارەوە خستۆتە ڕوو. بەڵام ئەو مەترسیانە، نەك تەنیا بۆ ئێمە، بەڵکو بۆ ئێرانیش هەڕەشەن. لە گفتوگۆکانمدا لەگەڵ باڵوێزی ئێراندا گەیشتمە ئەو بڕوایەی، کە ئەویش ئەمە بە ڕوونی دەبینێت".(Документы внещней политики 1925,1963: 53-61)

لە نامەی کۆمیساری کاروباری دەرەوەی یەکێتی سۆڤێت بۆ نوێنەری یەکێتی سۆڤیت لە تورکیا لە ٢٥ مارتی ساڵی ١٩٢٥ بە ئاشکرا ئەوە دەردەکەوێت، حکومەتی سۆڤێتی خەبات و ڕاپەڕینی کورد لەو کاتەدا بە هاندانی بەریتانیا و گوشارکردن بۆ سەر حکومەتی تورکیایە لە پرسی ویلایەتی موسڵ و نزیکبوونەوەی لە یەکێتی سۆڤێت دادەنێت. چیچێرین لەو نامەیەدا دەڵێت:"دیارترین سات لە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ تورکیادا لە ئێستادا ئەو بەرەوپێشچوونە بەرچاوەیە بە ئاڕاستەی نزیکبوونەوە لێمان. ئەمەش بەو گوشارەی بەریتانیادا دەردەکەوێت، کە بەردەوام لە بەهێزبووندایە، هەر لەو هۆشدارییەی تشرینی یەکەمەوە سەبارەت بە سنوورەکانی موسڵ دەست پێدەکات و بە ڕاپەڕینی کوردیش دەگاتە لوتکەکەی، کە هیچ گومانی تێدا نییە، ئەو ڕاپەڕینە بە هاندان و پشتیوانی هەمەلایەنەی بەریتانیا دروستبووە". (Документы внещней политики 1925,1963: 102)

وەك دەردەکەوێت هەڵوێستی سۆڤێت بەرامبەر بە کێشەی موسڵ بەلای تورکیادا شکاوەتەوە و داکۆکی لە سیاسەتی حکومەتەکەی مستەفا کەمال بەرامبەر بە بەریتانیا سەبارەت بەو پرسە دەکات، ئەمەش بە ئاشکرا لەسەر زاری چیچێرین لە خولی دووەمی کۆمیتەی ناوەندی جێبەجێکردنی یەکێتی سۆڤێت لە ١٨ تشرینی یەکەمی

ساڵی ١٩٢٤دا دەربڕاوە، کە دەڵێت:"ناکۆکی نێوان تورکیا و بەریتانیا لەسەر موسڵ شێوەی چالاکی جەنگیی کراوەی بەخۆوە گرتووە. لەوە ناچێت، گفتوگۆکردن لەبارەی پرسی موسڵ لەلایەن کۆمەڵی گەلانەوە ئاکامێکی پتەوی هەبێت. زۆر بە ڕوونی دیارە، کە تورکیا، لەبەر خواستی ئینگلیزەکان و سەرمایەدارانی تر بۆ زەوتکردنی نەوتی موسڵ، دەستبەرداری بەشێکی گرنگی گەلەکەی نابێت".( Документы внещней политики1924,1963: 503)

هەرچەندە لە ئاکامی دانوستاندنی نێوان بەریتانیا و تورکیا لە ٥ تەموزی ١٩٢٦دا، تورکیا ڕێکەوتنێکی لەگەڵ بەریتانیا و عێراق مۆرکرد و بەپێی ئەم ڕێکەوتنە سنوری ویلایەتی موسڵ، کە بە کردەوە لە ڕۆژی مۆرکردنی پەیمانی لۆزانەوە دیاری کرابوو، بە هەندێک گۆڕانکارییەوە دەستنیشانکرا.( Документы внещней политики1925,1963: 763, п. 11)

هەر لەم ڕوانگەیەوە و لەژێر کاریگەریی پەیوەندییەکانی سۆڤێت لەگەڵ تورکیا و لە هەمان کاتدا بوونی ئازەری موساواتی توندڕەو لەناو دەسەڵاتی کۆماری ئازەربایجانی سۆڤێتیدا، بڕیار لەسەر هەڵوەشاندنەوەی کوردستانی سۆڤێتی "کوردستانی سور" درا.

شایانی باسە، کوردی پشتقەفقاز،کە زۆر بە گەرمیی پێشوازییان لە شۆڕشی ئۆکتۆبەر کردبوو، چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد، کە کانگایەکی نەتەوەیی سەربەخۆیان بۆ دروست بکرێت. ئەوە بوو لە کانونی دووەمی ساڵی ١٩٢٣دا سەرۆکایەتی ئەنجومەنی ناوەندیی ئازەربایجانی سۆڤێتی بڕیارێکی سەبارەت بە ئویێزد(قەزا) یێکی کوردی دەرکرد و لە ٧ حوزەیرانی هەمان ساڵدا، فەرمانی"دامەزراندنی کوردستانی ئۆتۆنۆمی" دەرکرد، کە "ناوەند و سنوورەکەی، دوای دەستنیشانکردنی سنوورەکانی ناگۆرنی قەرەباخی ئۆتۆنۆمی دیاریی دەکرێت".

هەرچەندە لە ڕاستیدا ناوچەی کوردی لەنێوان ساڵانی ١٩٢٣ – ١٩٣٠دا هیچ ستاتوسی قەوارەیەکی خاوەن ئۆتۆنۆمی نەبوو. هەرچی تێرمینی "کوردستان"یشە، واتایەکی ئەتنۆگرافیی هەبوو، بەڵکو بۆ دیاریکردنی ناوچەیەکی ئازەربایجان بوو، کە کورد بە چڕیی و پێکەوەیی تێیدا دەژیان، کە ٣٠% هەرێمەکەیان پێك دەهێنا. (Бугай,1993: 40)

بەڵام ناسیونالیستەکانی ئازەربایجان، هەرچەندە کارتی کۆمۆنیستیان لە گیرفاندا بوو، بیریان دەکردەوە، کە چۆن دەبێت لە تورکیا بکوترێ، کورد و زمانی کوردی نییە، لە هەمان کاتیشدا لە ئازەربایجان ناوچەی کوردان و زمانی کوردی و قوتابخانەی کوردی هەبێت، هەر بۆیە بە شێوەیەکی نائاشکرا و بەنهێنی هەموو شتێکیان لەناوبرد و هاتنەسەر ئەو بڕیارەی، کە کورد لە ئازەربایجانیش نییە.(دێرك کینان،٢٠٠٠: ٥١)

بەهۆی ئەم سیاسەتە شۆڤێنیانەوە، گرژیی و ئاڵۆزییەکانی نێوان کورد و دەسەڵاتدارانی ئازەربایجان ڕۆژبەڕۆژ توندتر دەبوو. زۆر لەو کوردانە لە ئەنجامی تواندنەوەی سیاسییەوە کران بە ئازەریی و ڕەوشەکە گەیشتە ئەوەی لە زۆر گوند و ناوچەی ئازەربایجاندا بەکارهێنانی زمانی کوردی قەدەغە کرابوو، هەر بۆ نموونە لە شارۆچکەی کەمالیی ناوچەی لاچیندا، لەژێر گوشاری موساواتییەکاندا زمانی کوردی قەدەغە کرا و پرۆسەی تواندنەوە تەنانەت کاتی ڕاگەیاندنی کوردستانی سۆڤێتیش هەر بەردەوام بوو.(Бугай,1993: 40) لە ئایاری ساڵی ١٩٣٠شدا بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی هەموو ناوچە بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئازەربایجان درا و لەو ڕاگەیاندنەی لە ٢٥ ئایاردا لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی ناوەندیی ئازەربایجانی سۆڤێتییەوە دەرچووبوو، هاتبوو، کە "دەبێت لەناو سنوری هەرێمی قەرەباخدا هەرێمێکی سەربەخۆی کوردستان دروست بکرێت، کە لەناو سنوری قەزای کوردی پێشوو لەگەڵ ناوچەی زەنگیلان و بەشێك لە ناوچەی جوبرایلیی و ناوەندەکەی شاری لاچین بێت". (Бугай,1993: 41) بەڵام دواتر ئەم بڕیارە جێبەجێ نەکرا و بە تەواوەتی کوردستانی سوریان هەڵوەشاندەوە . یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەم هەڵوەشاندنەوەیە، ئەوە بوو، کە یەکێتی سۆڤێت، وەك جارانی تر، دەیویست درێژە بە پەیوەندییە باشەکانی خۆی لەگەڵ تورکیا بدات،لەکاتێکدا تورکیا توشی کێشەی ڕاپەڕینی کورد ببوو.

## دەرئەنجام

ڕوسیای سۆڤێتی، کە لە ئەنجامی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧دا لەسەر بەشی زۆری خاکی ئیمپراتۆریی ڕوسیا دروستببوو، لەگەڵ ئاشکراکردنی بەندە نهێنییەکانی پەیمانی سایکو – پیکۆی ساڵی ١٩١٦دا، پەیمانی برێستی ساڵی ١٩١٨ لەگەڵ ئەڵمانیا و دەوڵەتی عوسمانییدا، بەپێچەوانەی خواستی وڵاتانی ئەنتانت بەست؛

ئەڵمانیا و دەوڵەتی عوسمانیی پابەندی ئەو ڕێکەوتنە نەبوون، هاوکات لەگەڵ هێرش و پەلاماری وڵاتانی ئەنتانت و هاوکاریکردنی نەیارانی ناوخۆیی حکومەتی سۆڤێتی، بۆ ماوەیەك داگیریان ناوچەکانی ڕۆژئاوا و باشوری ڕوسیایان داگیرکرد؛

لە ئاکامی ئەو پەلامار و داگیرکارییەنەدا، لە باشوری ڕوسیا چەند کۆمارێکی دژی بەلشەڤیکەکان لە ئازەربایجان، ئەرمینیا و گورجستان دروستببوون؛

دوای کۆتایی جەنگی جیهانیی یەکەم و سەپاندنی کۆمەڵێك مەرجی سەخت بەسەر دەوڵەتی عوسمانیی و داگیرکردنی بەشێکی زۆری خاکەکەی لە تورکیای هاوچەرخدا، لە ڕۆژهەڵاتی تورکیادا بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی بە ڕێبەری مستەفا کەمال و بە هاوکاریی کورد سەری هەڵدا، کە یەکێك لە هەنگاوەکانی، نزیکبوونەوە لە ڕوسیای سۆڤێتی و مۆرکردنی پەیمانی دۆستایەتی بوو؛

حکومەتی ئەنجومەنی میللی باڵای تورکیا توانی بە هاوکاریی هەمەلایەنەی سۆڤێتی بەسەر هێزەکانی بەریتانیا و یۆناندا سەربکەوێت و وڵاتانی ڕۆژئاوا ناچار بکات، پەیمانی سێڤر پێشێل بکەن و لە جێگەی ئەو پەیمانی لۆزان ببەستن، کە بە زیانێکی زۆر بۆ کورد دەگەڕایەوە؛

لە دوای جەنگی جیهانیی یەکەم دەرفەتێکی باش بۆ کورد بۆ بەدیهێنانی مافەکانی دروستببوو، بەڵام جگە لە نەبوونی ڕێکخراوی سیاسی سەرانسەری و یەکێتی، سیاسەتی دیماگۆگیانەی ڕژێمی کەمالی و پشتیوانیی فرەلایەنی سۆڤێت، بە چەك و کەرەسەی جەنگییشەوە بوونە هۆی شکستهێنان و دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینەکانی کورد بە درێژایی ساڵانی ١٩٢٠-١٩٣٠؛

کاریگەریی پەیوەندییەکانی نێوان ڕوسیای سۆڤێتی و تورکیا نەك تەنیا لەسەر کوردی باکور، بەڵکو کوردی پشتقەفقازیش هەبوو، بەوەی بووە یەکێك لە هۆ سەرەکییەکانی هەڵوەشاندنەوەی قەوارەی کوردی ناسراو بە کوردستانی سور یان سۆڤێتی؛

بەم شێوەیە، مێژووی پەیوەندییەکانی نێوان ڕوسیا و دەوڵەتی عوسمانی، یەکێتی سۆڤێت و کۆماری تورکیا، لە کاتی شەڕ و ئاشتیشدا لە خولگەی بەرژەوەندی دەوڵەتی جیۆپۆلیتیکی و ئابووری، ئازادی هاتوچۆ بەرەو دەریاکانی باشور و کۆنترۆڵکردنی دەروازە ئاوییەکاندا دەسوڕایەوە. تەنانەت پرسی کوردیش، کە جارجارە لەناو نەخشەی سیاسیی ڕوسیا و یەکێتی سۆڤێتدا دەردەکەوت، یەکێك لە ئامرازەکانی بەدەستهێنان و پتەوکردنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکاندا بوو. بەپێی شێوەی پەیوەندیش لەگەڵ تورکیا، هەڵوێستی سۆڤێت بەرامبەر کورد دەگۆڕدرا.

## سەرچاوەکان

### کتێب:

### بە زمانی کوردی


ئەفراسیاو هەورامی، ڕاپەڕینی شێخ سەعید. سلێمانی- ٢٠٠٣.

ئەفراسیاو هەورامی، کوردستانی پشت قەفقاز، (دۆسیەی تاوانەکانی ڕژێمی سۆڤێت بەرامبەر بە کوردەکانی ئەو وڵاتە)، سلێمانی – ٢٠٠٦.

بلەچ شێرکۆ، پرسی کوردی. ئێران-١٩٩٠. وەرگێڕان: حەمەی حەمە باقی

دیرك کینان، کورد و کوردســـتان لەنێوان بەرداشی داگیرکەراندا. وەرگێڕان: ســـەلام ناوخۆس، چاپخانەی کاڵێ، ٢٠٠٠.

حەسرەتیان م. ئە.، یاســـا دەســـتوورییەکانی تورکیا و کورد لە ســـەردەمی نوێدا، وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە: د. دلێر ئەحمەد، سلێمانی – ٢٠٠٧.

کەمال مەزهەر، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد. بەغدا- ١٩٨٥. بەرگی یەکەم.

میهرداد ئیزەدی، چەردە باســـێك لەبارەی کوردانەوە. وەرگێڕان: ئەمین شـــوانی، ســـەردەم، سلێمانی،٢٠٠٧.

نوری دەرسیمی، دەرسیم لە مێژووی کوردستاندا. هەولێر-٢٠٠١.

عەلی سـەیدۆ گەورانی، لە عەمانەوە بۆ ئامێدی«گەشـتێك بە کوردسـتانی باشـوردا». سـلێمانی-٢٠٠٠.

سادقی شەرەفکەندی، کورتەیەکی مێژووی بزووتنەوە نەتەوەییەکانی کورد. ستۆکهۆڵم- ١٩٩٥.


بە زمانی فارسی


عبدالرحمن قاسملو(دکتر). کردستان و کرد. ترجمه: طه عتیقی، APEC، سوئید- ١٩٩٦.


بە زمانی عەرەبی


أحمد داود أوغلو، العمق الاستراتيجي، موقع تركيا و دورها في الساحة الدولية، ترجمة: محمد جابر ثلجي و طارق عبدالجليل، مراجعة: بشـــير نافع و برهان كوروغلو، مركز الجزيرة للدراسات، بيروت – ٢٠١٠.

أحمد نوري النعيمي، الدكتور، العلاقات التركية الروسية دراسة في الصراع و التعاون، ط الأولى، عمان – ٢٠١١.

أستراجيان كريكور، تأريخ الثقافة و الأدب الأرمني. الموصل-١٩٥٤.

جواهر لال نهرو، لمحات من تأريخ العالم، نقله الى العربية لجنة من الأســـاتذة الجامعيين. طبعة جديدة مراجعة و منقحة، بيروت- ١٩٨٣.

فاضل رسول. كردستان و السياسة السوفيتية في الشرق الأوسط، ترجمة عن الألمانية: غسان نعسان، مراجعة: ماموستا جعفر، مكتب الفكر و الوعي اوك، السليمانية – ٢٠٠٨.

فؤاد ساكو. الاسس القانونية لحق الشعب الكوردى في تقرير المصير، ديترويت – ١٩٨٧.

زنار سلوبي. المسألة الكردية – ٦٠ عاما من النضال المسلح للشعب الكردي ضد العبودية. ت. د،عزالدين مصطفى، بيروت- ١٩٩٧.

قادر سـليم شمو، موقف الكرد من حرب الاسـتقلال الترك(١٩١٩- ١٩٢٢)، الطبعة الاولى، دهوك – ٢٠٠٨.

معمر فيصل سليم خولي، العلاقات التركية الروسية من ارث الماضي الى آفاق المستقبل، مركز العربي للابحاث و دراسة السياسات، بيروت – ٢٠١٤.

محمد خليل أمير، علاقة الأكراد بمذابح الأرمن، بدون سنة و مكان الطبع.


### بە زمانی ڕوسی


Артур **Цуциев**, Атлас этнополитической истории Кавказа(1774- 2004), Издательство Европа, Москва – 2006.

Березкин А. В. и др. История Внешней политикей СССР. Том первый (1917 – 1945Наука. Москва – 1980.

Богатуров А. Д., Системная история международных отношений в 4 – х томах !918- 1991. Т 1. События 1918 -1 945.. Москва – 2000.

Букшпан А., Азербайджанские курды. Баку- 1932.

Бугай Н. Ф., Броев Т. М., Броев Р. М..Советские курды: время перемен, Москва – 1993.

Варатян Э. Г., Арам Али Мустафа, Курдская проблема и позиция России(СССР) в XIX – первой третии XX в., Краснодар – 2007.

Гасратян М. А. И др., Курдское движение в новое и новейшее время. Москва- 1987.

Гасратян М. А., Курды Турции в новейщее время. Москва – 1990.

Киссинджер Генри, Мировой порядок, Издатедьство АСТ, Москва – 2015

Коковцов В.Н. Из моего прошлого 1903-1919 г. т II. Издане журнала иллюстриованная Россия — Париж, 1933.

Лазарев М. С. Курдистан и курдский вопрос(1923 – 1945) РАН. ИВ. Восточная литература, Москва- 2005.29

Лазарев М. С, Крушение турецкого господства на Арабском Востоке 1914-1918 гг., Москва – 1960.

Лазарев М. С, Империализм и курдский вопрос (1917-1923 гг)., Москва – 1989.

Ульченко Н. Ю. Российско – турецкие отношения, современное состояние и переспективы. ИВ. Москва – 2003.

Поцхверия Б. М. Турция между двумя мировыми войнами. Очерки внешней политики. Москва- 1992.

Сидоров А. Ю., Клейменова Н. Е. История международных отношений 1918-1939 гг., Москва – 2006.


### بەڵگەنامە ئەرشیفیی و ڕەسمییەکان


Министерство иностранных дел СССР. Документы внещней политики. Т. I, 7 ноября 1917 г. — 31 декабря 1918 г., Государственное издательства Политической литературы. Москва - I959.

Министерство иностранных дел СССР. Документы внещней политики 1921 – и, Государственное издательства Политической литературы. Москва - I960. А. А. Громыко (Председатель Комиссии)

Министерство иностранных дел СССР. Документы внещней политики 1924 – и, Государственное издательства Политической литературы. Москва - I963. А. А. Громыко (Председатель Комиссии)

Министерство иностранных дел СССР. Документы внещней политики. Т. 8,1 января — 31 декабря 1925. Москва – 1963


### گۆڤار و ڕۆژنامە


Журнал (Дружба) № 05. Камиран Бадирхан. Москва – 2003.

Заря Востока,1929.4.19


### پێگەی ئەلکترۆنی


http://www.ataa.org/news/spotlight-peace-treaty-of-lausanne-and-the-end-to-armenian-aspirations/

КонституцияТурции(1924г.): https://legalns.com/download/books/cons/turkey.pdf

Отношения между Россией и Турцией в контексте межцивилизационных взаимодействи/ Егоров Валерий: http://www.ayk.gov.tr/wp-content/uploads/2015/01/EGOROV-Valery-

Сборник действующих договоров, соглашений и конвенций с иностранными государствами, Москва- 1935.: http://historic.ru/books/item/f00/s00/z0000129/st037.shtml

Потемкин В.П., Дипломатии. Всемирная история дипломатии одноименной книги под редакцией В.П. Потемкина: http://www.diphis.ru/istoriya_diplomatii-c2.html

Широкорад А. Б. Россия — Англия: неизвестная война. 1857–1907. М. АСТ, 2003.: http://militera.lib.ru/h/shirokorad_ab2/index.html

https://www.britannica.com/biography/Kemal-Ataturk.